Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.Conf2019-02

# ڕۆڵی پەروەردە لە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوە زمانییانەی،کە توندوتیژی کۆمەڵایەتییان لێدەکەوێتەوە

پێشکەوت مجید محەمەد

پەیمانگای ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی گەرمیان

***Article Info***

Received: May , 2019

Accepted: October , 2019

Published : May, 2022

***Keywords***

زمان و کۆمەڵ، زمانی پەروەردەیی، زمان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، توندوتیژی زارەکی.

***Corresponding Author***

peshkawtmajed@yahoo.com

پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی پەروەردە لە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوە زمانییانەی، کە توندوتیژی کۆمەڵایەتییان لێدەکەوێتەوە)، تیشکدەخاتە سەر گرنگی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە فێرکردنی زمان و پاراستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گواستنەوەی کەلتوور و بەها و یاسا کۆمەڵایەتییەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، بە ئامانجی بونیادنانی کۆمەڵگایەکی زمان تۆکمە و باڵای پڕ لە ڕێز و خۆشەویستی دوو لە بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوە زمانییانەی، کە توندوتیژی کۆمەڵایەتی بەرهەمدەهێنن، چونکە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کەلتوورییە، تاکەکان ناچارن بکەونە ژێر بەکارهێنانییەوە و سەرجەم تاکەکانی ئەندامی کۆمەڵێکی دیاریکراو دەبێت بە پێی یاسا کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵ ڕەفتار بکەن و شێوازی قسەکردنیشیان بە پێی یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زمانی ئەو کۆمەڵەیە بێت، بۆ ئەوەی دووربن لە توندوتیژی سزا کۆمەڵایەتییەکان. توێژینەوەکە لە سێ تەوەر پێکهاتووە و لە تەوەری یەکەمدا باس لە پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ کراوە و یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زمانیش و زمانی پەروەردەیش تیشکی خراوەتەسەر، لە تەوەری دووەمیشدا ئەو دەربڕاوە زمانییانە و سەرچاوەکانی وەرگرتنیان لەلایەن قوتابییەوە دیاریکراوە، کە توندوتیژی کۆمەڵایەتییان لێدەکەوێتەوە. لە تەوەری سێیەمیشدا ڕێگاکانی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوە زمانییانە دیاریکراوە.

## پێشەکی:

زمان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری خاوەنی کۆمەڵێك یاسای کۆمەڵایەتییە و تاکەکان ناچارن بکەونە ژێر بەکارهێنانییەوە، هەروەها سەرجەم تاکەکانی ئەندامی کۆمەڵێکی دیاریکراو دەبێت بە پێی یاسا کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵ رەفتار بکەن و شێوازی قسەکردنیشیان بەپێی ئەو یاسا زمانییە کۆمەڵایەتییەکان بێت، چونکە لەم رێگەیەوە تاکەکان پێکەوە دەهێڵێتەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەپارێزێت و دووریان دەخاتەوە لە دەربڕینی ئەو دەربڕاوە زمانییانەی کە توندوتیژی کۆمەڵایەتییان لێدەکەوێتەوە. پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنیش رۆڵێکی گرنگی لە فێرکردنی ئەو یاسا کۆمەڵایەتییانەی زمان هەیە و ئەرکی پاراستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گواستنەوەی کەلتوور و بەهایە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، ئەمەش لە رێگەی زانستی زمانی پەروەردەییەوە ئەنجامدەدرێت، کە لەلایەکەوە گرنگی بە فێربوون و فێرکردنی قوتابی، لە رووی نووسین و خوێندنەوە و وەرگرتنی زانیاریەوە دەدات، لەلایەکی ترەوە بایەخ بە گەشەپێدان و چاندنی بەها و رەفتار و بیر و کەلتوور ...هتد، دەدات، بەواتا رۆڵێکی گرنگی لە دروستکردنی تاك لە رووی رەفتار و زمانی قسەکردنەوە هەیە.

## گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە:

١. پەروەردە و زمان دوو بواری گرنگ و پێکەوە بەستراون، بەبێ زمانێکی شیاو ناتوانرێت پەروەردەیەکی نموونەی بەرهەم بهێنرێت.
٢. توندوتیژی زارەکی یەکێکە لە جۆرەکانی توندوتیژی، کە لە رێگەی زمانەوە ئەنجامدەدرێت.
٣. ئەو دەربڕاوە زمانییانە دیاریکراون، کە توندوتیژی کۆمەڵایەتییان لێدەکەوێتەوە.
٤. دەستنیشانکردنی ئەو رێگا و سەرچاوانەی، کە قوتابیان ئەو دەربڕاوە زمانیانەیان لێوە فێردەبن.
٥. رێگاکانی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوە زمانییانە، لە رێگەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنەوە.
٦. یارمەتیدانی دانان و دارشتنی پرۆگرامەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، بە شێوەیەك، کە کەلتوور و بەها و یاسا کۆمەڵایەتییەکان بپارێزێت و گەشەیان پێبدات.

## رێبازی توێژینەوەکە:

لە توێژینەوەکەدا رێبازی (وەسفی شیکاری) بەکارهێنراوە.

سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە:

لە توێژینەوەکەدا دیالێکتی کرمانجی ناوڕاستی زمانی کوردی بەکارهێنراوە و کەرەستەکانیش بە شێوەیەکی مەیدانی لە قوتابیانی قۆناغی (٤-٩)ی بنەڕەتی و (١٠-١٢)ی ئامادەیی لە سنوری پەروەردەی گەرمیانەوە وەرگیراون.

## ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە سێ تەوەر پێکهاتووە، بەمشێوەیە:

لە تەوەری یەکەمدا باس لە پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ لە لایەك و زانستی زمانی پەروەردەیی لە لایەکی ترەوە کراوە، هەروەها رۆڵی پەروەردە لە گواستنەوەی کەلتوور و فێرکردنی یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زمان بە قوتابیان خراوەتەڕوو، لە تەوەری دووەمیشدا توندوتیژی زارەکی ناسێنراوە و لەرێگەی کاری مەیدانییەوە جۆری ئەو دەربڕاوە زمانییانەی، کە بەکارهێنانیان توندوتیژی کۆمەڵایەتییان لێدەکەوێتەوە دەستنیشان کراون، هەروەها ئەو سەرچاوە و رێگایانەش دیاریکراون، کە قوتابی لێیانەوە فێردەبێت. لە تەوەری سێیەمیشدا رێگاچارەکانی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوە زمانییانەی، کە توندوتیژی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە لە رێگەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنەوە خراونەتەڕوو.

لە کۆتاییدا ئەنجام و راسپاردە و سەرچاوە بەکارهاتووەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم

### ١- زمان و کۆمەڵ:

زمان و کۆمەڵ پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەیە، بەجۆرێك بەبێ یەکتر نە دروست دەبن و نە لە کاریشدا دەبن، چونکە تاکەکانی کۆمەڵ لە ڕێگەی زمانەوە پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن و هاوبەشی دروست دەکەن، هەروەها زمانیش ناتوانێت بەبێ کۆمەڵ لە کاردا بێت، گرنگترین ئەرکی سەرەکی زمانیش هۆکاری پەیوەندی و لێکگەیشتنە، بۆیە گرنگیدان بە کۆمەڵ لەنێو چوارچێوەی زمانەوانیدا شتێکی ئاساییە. زمان گرێدەرێکی زیندوی بایلۆژی و دەرونییە، کە تاك بە دەوروبەرەکەیەوە گرێدەدات، ئارامیی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ تاك، لە پەیوەندییە تایبەتی و گشتییەکاندا لەگەڵ ئەوانی تر بۆ فەراهەمدێنێت، زمان گوزارشتە لە ویستێکی سروشتی لە مافی بوون، بەکورتی: زمان مەرجی بوونی مرۆڤ و بەهاکانیەتی (بەهمەن تاهیر ناریمان،٢٠١٣: ٨). زمان لەناو کۆمەڵدا کاردەکات و مرۆڤیش لە کۆمەڵەوە زمان فێردەبێت، هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر زمان هەیە و بە پێچەوانەشەوە،هەر گۆڕانێك لە کۆمەڵدا ڕوودەدات کاریگەریی لە سەر زمانی ئەو کۆمەڵە دەبێت، هەروەها گۆڕین و گۆڕانکاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بەسەرگەنجینەی وشەدا دێت، لە گۆڕینەکەدا هەڵسوکەوتیش دەگۆڕێت و لە گۆڕینی نەوەکانیشدا جۆری هەڵسوکەوتی نوێ لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دروست دەبن و فۆرمی تایبەتی هەڵسوکەوتی زمان لە کۆمەڵدا دێنە ئاراوە، چونکە زمان گوێزەرەوەی کەلتوور و بەها و کۆزانینە و ڕاێڵە بەستنەوەی نەوەکانە بە یەکتری، زمان هۆکاری پەیوەستکردنی تاکە بە کۆمەڵەوە کۆکەرەوە و هەڵگر و خەزێنە و دەربڕی هەموو لایەنەکانی تاك و کۆمەڵە، ئاوێنەی بیر و دیوانی شارستانێتیە،لەگەڵ ئەرکی گەیاندن و پێگەیشتنی نێوان تاکەکاندا بۆتە کەرەستە و ئامرازی سەرەکی، کە مرۆڤ بیری پێدەکاتەوە و پێی فێردەبێت، کاتێك منداڵ فێری زمان دەکەین فێری کەلتوور و بەها کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی دەکەین (هەوار عومەر فەقێ ئەمین، ٢٠١٥: ٢٤-٢٥).

زمان هەموو ئەرکەکانی لە کۆمەڵدا ئەنجام دەدات، واتە هەر گۆڕانێك کە لە کۆمەڵدا ڕوودەدات کاریگەریی لەسەر زمان دەبێت و لەگەڵ خۆیدا زمانیش دەگۆڕێت، بۆیە گۆڕانکارییە زمانییەکان پەیوەستن بە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە، چونکە گۆڕانی کۆمەڵایەتیی، بەواتا گۆڕانی مەرجەکانی ژیان و فۆرمەکانی ژیان و گروپە کۆمەڵایەتییەکان، کە کاردەکەنەوە سەر زمان و زمانیش کاریان تێدەکات (محەمەدیی مەحوی، ٢٠٠٩: ٩٠). لە ئەنجامی ئەو شۆرشە کۆمەڵایەتی و فیکریيانەی کە مرۆڤ لە کۆمەڵدا بە دەستیان دەهێنێت دەبێتە هۆی ئەوەی بیرکردنەوەی مرۆڤ بۆ شتەکانی دەوروبەری بگۆڕێت و داهێنان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بکات، لە ئەنجامدا چەندین بیری نوێ سەرهەڵدەدەن، هەروەها چەندین چەمکیش کە ڕۆژێك لە ڕۆژان کۆمەڵ پێویستی پێیانبووە دەگۆڕێت یان لەناودەچێت (هادی نهر، ١٩٨٨: ١١٦) ، بە جۆرێك هەموو گۆڕانێك کە بە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دێت، لەگەڵ خۆیاندا چەندەها بیرو چەمکی نوێ دەهێننە کایەوە، کە پێویستیان بە دەربڕینە (د.فاروق عومەر سدیق،٢٠١١: ٥٠). ئامرازی دەربڕینی ئەم گۆڕانانەش زمانە، چونکە زمان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ دەوروبەردا و دەربڕینی بیر و گەیاندنی، کاردانەوەیەکی پێویستە، هەروەها زمان هەوڵیداوە بۆ دەربڕین و پاراستن و مانەوەیان تۆماری ئەو پێشکەوتنانە بێت (تابان محەمەد سەعید حەسەن، ٢٠٠٨: ١٧). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو گۆڕانانەی کە لە کۆمەڵدا ڕوودەدەن لە ئەنجامی پێشکەوتنی شارستانییەتەوە، دیاردە زمانییەکانیش لەگەڵیاندا دەگۆڕێن، بۆیە بە بەردەوامی چەندین وشە و دەستەواژەی نوێ دێنە ناو زمانەوە لە هەمان کاتیشدا چەندین وشە و زاراوە دەپوکێنەوە و لە ناودەچن.

کەواتە زمان لە جێبەجێکردنی هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کاردایە، هەر لە سڵاوکردن و بەیانی باش و جێخۆشکردن و مامەڵەکردن و ئاخاوتن لەگەڵ خەڵکانی ناسیاو و نەناسیاو لە بۆنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا. هەروەها زمان بە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی هەڵدەستێت لە بۆنە ئایینییەکان و دروستکردنی پەیوەندی مرۆڤ بە پەروەردگارەوە و مردن و پرسە و سوێندخواردن و زیکری سۆفی و موریدەکاندا،

هەروەهـــا لە بـــۆنە فەرمییەکـــان و دادگـــایی کـــردن و کـــڕین و فرۆشـــتن و ژنهێنـــان و شـــوکردن و جیـــابوونەوە، زمـــان هۆکـــاری ســـەرەکی بە جێهێنـــان و بەئەنجـــام گەیانـــدنیانە. هەر بەهـــۆی زمـــانەوە بەســـەر دەوروبەرمانـــدا زاڵـــدەبین و لە کـــۆمەڵێکی دیـــاریکراودا ئـــایین و کەلتـــوور و ئەدەب لە فەوتـــان دەپـــارێزین لە ڕێـــگەی تۆمـــارکردن لە نـــاو ژیـــری و بیرمانـــدا یـــان لەڕێـــگەی زمـــانی نووســـینەوە نەوە بـــۆ نەوە دەیگـــوێزینەوە. هەروەهـــا لە ڕێـــگەی زمـــانەوە گوزارشـــت لە هەســـتەکانمان دەکەیـــن هەر لە خۆشـــی و ناخۆشـــی، شـــادی و پەژارە، تورەبـــوون و بێـــزاری جنێـــودان و پیاهەڵـــدان، پێکەنـــین و گریان...هتـــد. بە هـــۆی زمانیشـــەوە بیرەکانمـــان دەردەبـــڕین و لە هەمانکاتیشـــدا شـــاردنەوەی بیرەکانمـــان و کەم توانایيمـــان لە بیروبۆچونەکانـــدا هەر لە ڕێـــگەی زمـــانەوەیە (نـــایف خرمـــا،١٩٧٨: ٢٠٩-٢١٥). کەواتە زمـــان لەوەدا کـــاریگەری لەســـەر کـــۆمەڵ هەیە، کە مـــرۆڤ هەمـــوو چالاکییەکـــانی لە ڕێـــگەی زمـــانەوە بە ئەنجـــام دەگەیەنێـــت و کۆمەڵیش تاکە ناوەندی لە کاردابوونی زمانە(بڕوانەهێڵکاری ژمار - ١ ).




هێلکاری ژمارە (١) پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ

## ٢- زمان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان:

کۆمەڵگەی مرۆیی لە ژێر چەندان یاسای کۆمەڵایەتی چەسپاودایە، بە ناچاری دەچێتە ژێر ڕکێفیانەوە، کە لەسەر شێوەی دیاریدەی کۆمەڵایەتی خۆی دەنوێنێت. تاکیش بە هەموو شێوەیەك دەچێتە ژێر ڕکێفی ئەم یاسایانەوە هیچ توانایەکی گۆڕینی ئەم یاسایانەی نییە و ئەو یاسایانە ئیرادەی خۆی بەسەر تاکەکاندا سەپاندوە (بەهار زایر محمد،٢٠٠٩: ٦٩-٧٠)، (دۆرکایم) پێیوایە تاك هەر لە دایکبوونیەوە خۆی لەناو چوارچێوەی چەند یاسا و ئەحکامێکدا دەبینێتەوە، کە نەدەتوانێت بیانگۆڕێت و نە دەتوانێت لە گرنگیان کەمبکاتەوە، هەروەها ناتوانێت ڕەخنەی لێبگرێت و هێرش بکاتە سەری و لێی ڕابکات، تاکە شتێك کە تاك دەتوانێت بیکات جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەیە و تەسلیم بوونیەتی بە فەرمانەکانی دەنا ئەو تاکە لە کۆمەڵگا قبوڵ ناکرێت (بەهار زایر محمد،٢٠٠٩، ٧٠)، یەکێك لەو یاسایانە یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زمانە، زمانیش وەکو دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری خاوەنی کۆمەڵێك یاسای کۆمەڵایەتییە و تاکەکان ناچارن بکەونە ژێر بەکارهێنانییەوە، هەروەها سەرجەم تاکەکانی ئەندامی کۆمەڵێکی دیاریکراو دەبێت بە پێی یاسا کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵ ڕەفتار بکەن و شێوازی قسەکردنیشیان بەپێ ئەو یاسا زمانییە کۆمەڵایەتییەکان بێت، چونکە لەم ڕێگەیەوە تاکەکان پێکەوە دەهێڵێتەو و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەپارێزێت، بۆیە دەبێت قسەکەر دەربڕینەکانی بەپێی یاسا کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنیت و هەڵسوکەوت و دەربڕینەکانی

لەگەڵ کەلتووری ئەو کۆمەڵەدا کە تیایدا دەژیت بگونجێنێت، چونکە خەڵك زمان تەنها بۆ گواستنەوەی بیر و هەست بۆ بەرامبەریان بەکارناهێنن، بەڵکو بە جۆرێك بەکاریدەهێنن تا بتوانن پێوەندییان لەگەڵ یەکتر بەباشی پەسن بکەن و شوناس بە خۆیان ببەخشن (زوبێر عەلی عارف، ٢٠١٢: ٤). زمانیش خۆی ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتییە، مرۆڤیش کە لە کۆمەڵێکی جەنجاڵی پڕ جموجوڵدا بژێ، ئەوا دەبێ کەسایەتییەکی تایبەت بەو باروبوویەرەی ببێت، لەو شوێنانەشدا کە باری کۆمەڵایەتی جیاجیای تێدایە، مرۆڤ دەبێ وابێت کە لەگەڵ کەسانی جۆراوجۆردا و بژێ و هەڵبکات و لەگەڵ هەریەکەشیاندا پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی جیاوازی هەبێت (هۆگر مەحموود فەرەج، ٢٠٠٠: ١٤٢)، واتا دەربڕینەکان دەبێت بەپێی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان بێت، کە مەبەست لەو نیشانە کۆمەڵایەتییانەن، کە پلەوپایەی قسەکەر و چین وتوێژی و ئاستی ڕۆشنبیری و پیشە و ڕەگەزی و تەمەنی و باری و خزمایەتیی و نزیکی و دووریی و یەکسانی و نایەکسانیی، لەچوارچێوە کۆمەڵایەتییە زمانییەکەدا، بەپێی هەلومەرجە نابەرامبەرییەکانی دەسەڵات و هاوکاری، لەگەڵ گوێگردا لەڕێی وتنەوە، بەپێی دەوروبەر دیاریدەکەن (هۆگر مەحموود فەرەج، ٢٠٠٠: ١٤١- ١٤٢).

پەیبردن بەو پەیوەندییەی کە لە نێوان کۆمەڵ و زماندا هەیە، دوای ئەوە بوو، کە دەرکەوت دیاردە کۆمەڵایەتییەکان سێ سیفەتیان هەیە، ئەوانیش (علی عبدالواحد وافی، ١٩٨٣: ٣):

١.چەند یاسایەکە، کە سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو بەشداری لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەدا دەکەن، بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵایەتییان و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان.

٢.لە لایەن تاکە کەسەوە دروستنەکراوە، بەڵکو سروشتی کۆمەڵێك هێناویەتییە ئاراوە، خۆی دەخزێنێتە نێو ژیانی ئەو کۆمەڵەوە.

٣.دەرچوونی هەر تاکێك لەو یاسایانە، لەلایەن ئەو کۆمەڵەوە توشی سزا و بەرەنگاربوونەوە دەبێت، جا ئەو سزایە ماددیی یان کۆمەڵایەتی بێت.

بە هەمان شێوە ئەم سێ سیفاتەش لە زماندا هەیە، بەوەی کە زمانی هەموو کۆمەڵێکیش سیستەمێکی گشتییە، تاکەکانی هاوبەشن لە بەکارهێنانیدا، دەیکەنە بنچینەیەك بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانیان و ڕێکەوتنیان لەگەڵ یەکتردا. هەروەها زمان لەلایەن تاکێکەوە دروست نەکراوە، بەڵکو سروشتی کۆمەڵێك دروستی کردووە و لە ژیانی ئەو کۆمەڵەوە سەرچاوەی گرتووە، هەروەها زمان یەکێکە لەو دیاردانەی، کە هەموو کەس ناچارە لە یاساکانی دەرنەچێت و هەر دەرچوونێکیش تووشی بەرەنگاربوونەوەی کۆمەڵی دەکات، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك وشەیەك یان دەستەواژەیەك یان ڕیزبەندیی کەرەستەکانی ڕستەیەك تێکبدات بەو شێوەیەی کە زمانەکە چوارچێوەی بۆ داناوە، تووشی ڕێگری و گاڵتە پێکردن و لە یەکتر تێنەگەیشتن دەبێتەوە (علی عبدالواحد وافی، ١٩٨٣: ٤). وەکو چۆن هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانەی زمانێکی دیاریکراو، کە زمانناسی دیاریاندەکات، دەبێت هەموو قسەکەرێکی ئەو زمانە پێوەی پەیوەستبێت، لادان لێیان قسەکەر تووشی لە یەکترنەگەیشتن و گاڵتەپێکردن دەکاتەوە، بە هەمان شێوەش ئەو یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییانەی کە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا دیاری دەکات، قسەکەر نابێت بیانبەزێنێت و لێیان لابدات، تەنانەت ئەگەر بە پێی یاسا و ڕێسا زمانییەکانی زمانێکی دیاریکراو ڕاستیشبن، چونکە بەکارهێنانی هەندێك لە دەربڕینە زمانییەکان بە پێی (ڕەگەز، تەمەن، پلەی کۆمەڵایەتی، ئاستی ڕۆشنبیری، کاروپیشەی جیاواز...هتد) دەگۆڕێت، بۆیە کاتێك تاك لە قسەکردنیدا یاسا زمانی و کۆمەڵایەتیەی کۆمەڵگای جێبەجێکرد، وەکو تاکێکی ئاسایی لە کۆمەڵگاکەیدا قبوڵ دەکرێت و گوێی لێ دەگیرێت و توشی سزاکانی کۆمەڵگا نابێتەوە(بەهار زایر محمد، ٢٠٠٩: ٧٦)، بە پێچەوانەشەوە بەڕایی (گوفتمان) ئەو کەسەی لە ڕێگەی قسەکانییەوە ئارامی دەوروبەر تێك دەدات ئەو کەسە لە پەیوەندییەکانی سەرکەوتوونابێت، بەمەش زیان لە ژیانی خۆی و ژیانی دەوروبەری دەدات، ئەنجامێکی خراپی دەبێت بۆ سەر ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی و دەوروپشتی، لەوانەیە بە کەسێکی سەرنەکەوتوو کەم سەیربکرێت (شیلان عوسمان عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٨: ٤٣)، (بڕوانە هێڵکاری ژمارە - ٢) واتا ئەگەر کەسێك لە کاتی قسەکردندا یاساکۆمەڵایەتییەکانی زمانی جێبەجێنەکرد، توشی سزای کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، سزاکانیش بە پێی جێبەجێنەکردنی یاساکان پلەیان هەیە، بەمشێوەیە(بەهار زایر محمد، ٢٠٠٩: ٧٧-٧٨):

١-ئەگەر یاساکانی ڕێزگرتن جێبەجێ نەکات ئەوا بە (بێڕێز) دادەنرێت و هاوڕێیەتی ناکرێت.

٢-جێبەجێنەکردنی یاسای بیروباوەڕی ئاینی سزاکەی زۆر قورسە و ڕەنگە بە لێدان و کوشتنی قسەکەر کۆتایی بێت و بە (لە خوانەترس و کافر) ناودەبرێت.

٣-ئەگەر قسەکەرێك لەکاتی قسەکردنیدا ڕەچاوی تەمەنی خۆی نەکرد تووشی ڕەخنەگرتن و گاڵتەپێکردن دەبێتەوە.

٤-ئەگەر قسەکەر ڕەچاوی ڕەگەزی خۆی نەکات لەکاتی قسەکردندا بە تایبەتی پیاو ئەو وشانە بەکاربێنێت، کە تایبەتن بە ئافرەت، ئەوە لە کۆمەڵگادا تووشی ڕەخنەگرتن و پێکەنین دەبێتەوە و بە (ژنانی) ناودەبرێت.

٥-ئەگەر قسەكەر ڕەچاوی توێژە كۆمەڵایەتیەكەی نەكات، بۆ نموونە لەناو توێژی خوێندەواردا تووشی ڕەخنەگرتن و پلارلێدان دەبێتەوە و بە (نەزان و دواكەوتوو) دادەنرێت.

٦-ئەگەر قسەكەر ڕەچاوی تابووەكان نەكات لە كۆمەڵگاكەیدا و زاراوەی داپۆشەری بەكارنەهێنا ئەوا لە كۆمەڵگا بە(بێ ڕەوشت/ بێ ئەدەب) ناودەبرێت.




هێڵكاری ژمارە (٢)سەركەوتن و سەرنەكەوتنی گفتوگۆكان بەپێی یاسا كۆمەڵایەتییەكانی زمان

## ٣- زمانی پەروەردەیی:

زمان تاكە هۆكاری پەیوەندی نێوان تاكەكانە، بۆیە بابەتێكی فرە ڕەهەندە و هەمە لایەنە، سەرەڕای خۆی وەكو زانستێك بەپێی بوارە و زانستەكانی تریش بەكاردەخرێت و لێیدەكۆڵرێتەوە، زانستی زمانی پەروەردەیی وەكو زانستەكانی تری زمانەوانی كۆمەڵایەتی و دەروونی...هتد، لقێكی زانستی زمانی كارەكییە، كە لە زمان دەكۆڵێتەوە پەیوەست بە بوارەكانی تری ژیانەوە. زانستی زمانی پەروەردەییش لەناو پرۆسەی پەروەردەدا كاردەكات و ڕاستەوخۆ ڕۆڵی زمان لەناو پرۆسەی فێربوون و فێركردندا دەخاتەڕوو، ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا تیشكی دەخرێتەسەر ئەو لایەنەی زمانە، كە دەچێتە چوارچێوەی زمانەوانی كۆمەڵایەتییەوە.

هەموو كۆمەڵگایەكی دیاریكراو كۆمەڵێك ئامانجی تایبەت بە خۆی هەیە، كە هەوڵدەدات بە ئەنجامیان بگەیەنێت و نەوە بۆ نەوە بیانگوێزێتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی پرۆسەی پەروەردە و فێركردنەوە دەبێت، كە كار بۆ هێنانە دی ئامانج و خواستەكانی كۆمەڵگا دەكات، لە ڕێگەی پێدانی ئەزموون و زانست و زانیاری و فێركردنی ڕەفتاری گونجاو و زمانی پەروەردەیی و گەشەی مرۆیی قوتابیان...هتد، لە پێناوی دروستكردنی تاكێكی باش و سودبەخش بە كۆمەڵگا، یەكێك لە ئامانجەكانیش ئامانجە پەروەردەییەكانە، كە كۆمەڵێك ئامانجی درێژخایانن، كە مەبەستی سەرەكی سیستەمی پەروەردەن و لەم ڕێگەی پرۆسەی خوێندنی ڕەسمییەوە لای تاكەكان بەدیدەهێنرێن، ئەم ئامانجانە بە پلەی یەكەم جەخت دەكەنە سەر خوێندكار و دەیانەوێت كاریگەری بخاتەسەر كەسایەتی تاكەكان و بەهای نیشتمانی و ئایینی و نەتەوەییان لەلا دروست بكات، بە ئامانجی(د.عیماد عەبدولڕەحیم ئەلزغوم، و.ئارام ئەمین شوانی، ٢٠١٥: ٤٥-٤٦):

١-دروستكردنی هاوڵاتیەكی چاك.

٢-هاوكاریكردنی تاكەكەس لە نەشونمایەكی تەواو.

٣-ئامادەكردنی تاكەكەس كە بتوانێت ببەخشێ و بەرهەم بهێنێ.

٤-ئامادەکردنی تاکەکەس تا بتوانێ لەگەڵ بارودۆخی هەمەجۆردا خۆی بگونجێنێت.

ئامرازی سەرەکی بە دەستهێنانی ئەم ئامانجانەش زمانە، زمان وا دەکات ببێتە پردێك بۆ گواستنەوەی بەهاو کەلتوورە کۆمەڵایەتییەکان و زانیارییەکان، تا پچڕان و لێکترازان لە نێوان نەوەکاندا ڕوونەدات لە ڕێگەی زمانەوە ڕەفتار و کۆزانیارییەکان دەگەیەنرێت بە تاکەکان و فێردەکرێن (هەوار عومەر فەقێ ئەمین، ٢٠١٥ :٢٤). خوێندنی زمانی دایکیش ڕۆڵێکی گرنگی لە پەروەردەی کۆمەڵایەتی تاك و زمانی پەوروەردەیی تاکدا هەیە، چونکە خێزان و کۆمەڵگا، کە بە بناغەی پێگەیاندنی منداڵ دادەنرێن و ڕۆڵی فێرکردنی تاك دەبینن لە چۆنیەتی شێوازی ژیان لە ناو کۆمەڵەکەی خۆیدا، دایکان کەلتوور و بەها و یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان بە منداڵان فێردەکەن و دەیانپارێزن لە سزادانی کۆمەڵایەتی، بەواتا زمانی پەروەردەیی بایەخ بە فێرکردن و گەشەپێدانی زمانی منداڵ دەدات لە ڕووی فێربوونی یاسا و ڕێسا ڕێزمانییەکان و فەرهەنگ و ڕێنووس و ئاشنابوون بە ڕەچەڵەکی زمانەکەی خۆی و دیالێکتەکانی و پاراستنی زمانی دایك و لەپاڵیشیدا فێرکردنی زمانی دووەم، لەگەڵ ئەمانەشدا وەکو لقێکی زمانەوانی کارەکی بایەخ بە گۆڕینی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە بۆ زمانی پەروەردەیی دەدات، کە لە دووتوێی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە بەپێی ئامانجێکی دیزخیایەن بەدەستدەهێنرێت، بە مەبەستی ئەوەی نەوەکانی داهاتوو شارەزاییەکی باشیان لە بەکارهێنانی زمان هەبێت و زمانێکی باڵا لە هەموو ڕوویەکەوە فێرکرابن.

زمانی پەروەردەیی زمانی تاك لە هەموو ئەو وشە و دەربڕاوە ناپەسەندانەی ناو کۆمەڵ پاکدەکاتەوە و زمانێکی پڕ لە هاوکاری و بەرێزانەیان فێردەکات، هەروەها بەکارهێنانی دەربڕاوە زمانییەکان بە پێی بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکان و نیشانە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە هێما زمانییەکان کۆکبوونی کۆمەڵایەتی لەسەرە، زمان لە کۆمەڵگە یان کەلتوورێکدا بە گەردەخرێت، ئەو واتایەی بە هێمایەك دەبەخشرێت، ئەگەر کۆمەڵ لەسەری ڕێکنەکەوێت ئەو هێمایە لەناو دەچێت، بۆیە هەر هێمایەك بەپێی تایبەتمەندی کەلتووری هەر نەتەوەیەك و بیروبۆچوونیان هەڵگری واتایەکە، کە ناوی لە شتەکانی دەوروبەریان پێدەنێن، لە ڕێگەی ئەم هێمانەوە، کە بەپێی ڕێکەوتنی کۆمەڵ دیاریکران و پەیوەندی لەگەڵ یەکدی دروستدەکەن، ئەمەش خودی پرۆسەی فێربوون و فێرکردنە، لەبەرئەوە کەلتوور و بەهاکۆمەڵایەتییەکان بەهۆی هێما کۆکبوو لەسەرەکان دەگوازرێنەوە، واتا زمان ئەم بەهایانە دەنوێنێت و دەگەیەنێت(هەوار عومەر فەقێ ئەمین،٢٠١٥ :٢٤)، بۆیە لە پرۆسەی پەروەردەکردندا بە هێندەی خودی زانست، زمان بە تایبەتی زمانی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی بەکاربردنی گرنگە، بەڵام لە پرۆسەی پەروەردەکردن لە کۆمەڵگاکەماندا دوو گرفت و بۆشایی گەورە بەردەوام دووبارە دەبنەوە، ئەوانیش بریتیین لە (د.بکر عوکەر عەلی و د.کاروان عومەر قادر و م.ئاڤێستا کەمال مەحمود، ٢٠١١: ١٠):

١-گرفتی سروشتی بەربەستە زمانییەکان بۆ خوێندکار لە نێوان زمانی قسەکردنی لەماڵەوە و زمانی ئاخاوتنی لە قوتابخانە،لەبەرئەوەی بە پێی یاساکانی ڕێکخراوی (یونسکۆ) هەموو خوێندکارێك مافی هەیە و دەبێت (٥-٦) ساڵ لە ژێر ڕاهێنانی بەردەوامدا بێت، تا بتوانێت لە زمانی قسەکردنی ماڵەوە ڕزگاری ببێت و بتوانێت زمانی ئاخاوتنی قوتابخانە وەربگرێت و فێربێت، بەڵام واقعی پەروەردەیی لە کۆمەڵگای کوردەواریماندا تەواو پێچەوانەیە، لەبەرئەوەی لە سەرجەم پرۆسە پەروەردەییەکاندا زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە لە لایەن مامۆستا و بەڕێوەبەر و سەرجەم کادرە پەروەردەیەکان، کە دەبێت خوێندکار لە ماوەی (١) ساڵدا یان کەمتر فێری زمانی ئاخاوتنی قوتابخانە ببێت.

٢-گرفتی گەورەتر بریتییە لە بۆشایی / جیاوازی کەلتووری خوێندکار لە نێوان ماڵەوە و قوتابخانە، ئەم لایەنەش زۆر بە شێوەیەکی زەق لە پرۆسە پەروەردەییەکاندا دەردەکەوێت و زۆرجار ئەم جیاوازییانە یان ئەوەتا خوێندکارێکی هاروهاج و لاسارمان بۆ بەرهەمدەهێنێت یان ئەوەتا خوێندکارێکی زیاد لە پێویست گوێڕایەڵ و شەرمنمان بۆ بەرهەمدەهێنێت، کە لە هەردوو بارەکەدا سەرجەمی پرۆسەی پەروەردەکردن زیانی بەردەکەوێت.

کەواتا زمانی پەروەردەیی لەگەڵ گرنگیدان بە فێربوون و فێرکردنی قوتابی، لە ڕووی نووسین و خوێندنەوە و وەرگرتنی زانیاریشەوە قوتابی فێردەکات، لەلایەکی تر گرنگی و بایەخ بە گەشەپێدان و چاندنی بەها و ڕەفتار و بیر و کەلتوور...هتد دەدات. ئەمەش بە بەرجەستەکردنی لەناو پرۆگرامی خوێندندا دەبێت(هەوار عومەر فەقێ ئەمین،٢٠١٥ :٢٤). پەروەردە و زمان دوو بواری گرنگن و پەروەردە بەبێ زمانێکی شیاو ناتوانێت پەروەردەیەکی نموونەی بەرهەم بهێنێت، بۆیە زمان و پەروەردە پەیوەندییەکی پێوە بەستراون، منداڵ فێری زمان دەکرێت لەگەڵیشیدا پەروەردە دەکرێت، فێری دەنگەکان و فۆنیمەکان و یاساکانی زمان دەبێت، لە هەمان کاتدا بنەماکانی پەروەردەکردنیش فێردەبێت کەلتوور و شارستانیەت و بەهاکان وەردەگرێت (هەوار عومەر فەقێ ئەمین، ٢٠١٥: ٢٦)، واتا زمانی پەروەردەیی لە دوو لایەنەوە لە ناو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا کاردەکات و تاکەکانی لە سەر ئەم دوو بنەمایە پێدەگەیەنێت (بڕوانە هێڵکاری ژمارە - ٣). لە پرۆسەی پەروەردەی و فێرکردندا هەندێك لە تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو کە شێوازی قسەکردنیان جیاواز لە شێوازی قسەکردنی گرووپەکانی تری ناو کۆمەڵگا لە پەیوەندییەکی کارلێك لەگەڵ یەکتر دەبن و بەمەش زمانی خوێندنی ناو قوتابخانەکان لە پەیوەندیەکی ئاڵۆزدا دەبن، سەرئەنجام بە پێی ئامانجی دیاریکراوی پرۆگرامەکانی خوێندن کۆدەکان تێکەڵدەکرێن و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی کۆدە تایبەتەکان و کردنییان بەو کۆدی گشتی، هەروەها لابردنی ئەوە کۆدە کۆمەڵەیەتیانەش، کە بەکارهێنانیان گشتی نین و دەربڕینیان لە بۆنە و بوارەکۆمەڵایەتییەکان ناپەسەندن یان بەهای کۆمەڵایەتییان نییە، بۆیە لە زمانی پەروەردەکردن و خوێندندا جڤاتی ئاخاوتن ڕۆڵی جۆراوجۆری زمانی دەبینێت، کە پەیوەندییەکی زۆر ئاڵۆزن لە تۆڕی ناوەکی و بەیەکداچووندان چ لە ناو خوێندنگادا چ لە ناو کۆمەڵگادا بەمەش تاك دەتوانێت وەك نوێنەری جڤاتێك بەشداربێت لە کۆزانیارییەکان لە بارەی چۆنیەتی ڕەفتارکردن و زمان هەروەها پەی بەو شێوازانەش دەبات، کە کەسانی جیاواز لە پەیوەندییەکاندا بەکاریدەهێنن (ئاڤێستا کەمال مەحموود ، ٢٠١٣: ٢٣).




هێڵکاری ژمارە (٣) کارکردنی زمانی پەوەردەیی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا

## ١- تەوەری دووەم

## ٢- (توندوتیژی زارەکی و جۆر و سەرچاوەی وەرگرتنی دەربڕاوە زمانییەکان)

## ٣- توندوتیژی زارەکی:

بریتییە لەو جۆرەی توندوتیژی، کە بۆ ئازاردانی بەرامبەر پەنا دەبرێتە بەر بەکارهێنانی قسەی ناشرین و نابەجێی وەکو(جنێوو، ناوناتۆرە، نوکتە هەڵبەستن، گاڵتەپێکردن، سەرزنشتکردن، هەڕەشەکردن)(د.هادی مشعان ربیع و اسماعیل محمد الفوم ، ٢٠١٢: ١٥١). مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە گوزارشت لە ناخ و خودی خۆی دەکات و دەتوانێت حەز و ئارەزو و بیر و هەڵچوونەکانی بگەیەنێتە کەسانی تر، هەر لە ڕێگەی زمانەوەیە، کە تاک گوزارشت لە خۆشی و ناخۆشی و پێکەنین و دڵتەنگی و تووڕەبوونەکانی دەکات، کە ئەوانیش بە چەندەها ڕەفتاری وەك : (پێکەنین، فیکەلێدان، گۆرانی، جوڵەی دەست و گۆڕانکاری دەم و چاو، هۆنراوە، پەخشان، جنێو...هتد، گوزارشتیان لێدەکرێت و دەبنە بەتاڵکردنەوەی فشارە دەروونییەکانی ناو خودی مرۆڤ(کەریم شەریف قەرەچەتانی (٢٠١٥: ١٥). بە واتا زمان لە لایەکەوە هۆکاری پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراوە و دەبێتە هۆی گەیاندنی بیرەکان بە یەکتر و پێکەوە ژیان لە سەر بنەمای هاوکاری و ڕێز و خۆشەویستی، کە لە ئەنجامی پابەنبوون بە یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زمان و زمانەوانییەوە دێتەئاراوە، لە لایەکی تریشەوە هۆکارێکە بۆ هێنانەئارای توندوتیژی و بەربەرەکانێی نێوان تاکەکان و تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەندێك تاك ڕووبەڕووی سزای کۆمەڵایەتی دەکاتەوە(بڕوانە هێڵکاری ژمارە(٤ ). هەربۆیە لە ناو کوردەواریدا بە چەند دەربڕاوێك ئاماژە بۆ ئەم مەبەستانەی بەکارهێنانی زمان کراوە، لەوانە:

-زمان بگرە سەر سەلامەتە/ڕەحەتە.
-زمان بەڵای سەرە.
-بە قسەی خۆش مار لە کون دێتە دەرەوە.
-زمان پیس/ دەمشڕ

توندوتیژی زارەکی بە سەرەکیترین و یەکەمین هەنگاوی دەستپێکردن و جێبەجێکردنی جۆرەکانی تری توندوتیژی دادەنرێت، بەپێی ئەو زانیاری و داتایانەی، کە لە ڕێگەی کاری مەیدانی و ڕاپرسییەوە لە قوتابخانەکان بەدەستهێنراون، زۆربەی قوتابیان بە بڕی جیاواز ئەو دەربراونە بەکاردەهێنن، کە توندوتیژی زارەکییان لێدەکەوێتەوە، بەڵام زۆربەیان بەبێ مەبەست بەکاریدەهێنن و تەنها خوویان بە بەکارهێنانییەوە گرتووە و کەمتر بە مەبەستی توندوتیژی و ئازاردان و زاڵبوون بەسەر بەرامبەردا بەکاریدەهینن(بڕوانی هێڵکاری ژمارە(٤)، بەواتا مەرج نییە بەکارهێنانی ئەو دەرکوردراوە زمانییانە هەمیشە ببنەهۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی، هەروەها (٢٩%) قوتابیان توندوتیژی زارەکییان بەرامبەر بەکارهێنراوە یان خۆیان بەرامبەر کەسانی تر بەکارییان هێناوە و توندوتیژی کۆمەڵایەتی لێکەوتووەتەوە. بە زۆری ئەو دەربراوانەی توندوتیژی زارەکیان لێدەکەوێتەوە لەم جۆرانەی خوارەوە:

١- جنێو
٢- بێڕێزیکردن
٣- هەڕەشەکردن
٤- سوکایەتی پێکردن
٥- تابوو(بەکارهێنانی هەندێك دەربڕاوی قەدەغەکراو)
٦- ترساندن و تۆقاندنی زارەکی
٧- ناوناتۆڕە
٨- شکاندنی پێوەرەکۆمەڵایەتییەکانی قسەپێکردن...هتد.




هێلکاری ژمارە (٤) ڕێژەی بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوە زمانییانەی توندوتیژی زارەکیان لێدەکەوێتەوە

### ٤- جۆری ئەو دەربڕاوانەی توندوتیژی زارەکیان لێدەکەوێتەوە:

ئەو جۆرانەی دەربڕاوە زمانییەکان، کە توندوتیژی کۆمەڵایەتییان لێدەکەوێتەوە زۆرن، بەڵام لەم توێژینەوەدا تیشکدەخرێتە سەر گرنگەکان و ئەوانەی کە هۆکاری سەرەکی توندوتیژی زارەکین(بڕوانە هێڵکاری ژمارە- ٥):

١- تابوو:

تابوو بریتییە لە سەرجەم ئەو دەربڕاوە زمانییانەی، کە لەڕووی کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە دەربڕینییان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ شیاو نییە. ئەمەش لە لایەکەوە بە هۆی وابەستەبوونیان بە ئۆرگانەکانی ئادەمیزادەوە، یان کردە سێکسییەکان، یان نەخۆشی و شتە شوومەکان، لە لایەکی تریشەوە وابەستەیی دەربڕینەکانە بە بابەت و شوێنە پیرۆزەکانەوە (شاخەوان جەلال فەرەج، ٢٠١١: ٥٩). هاوشێوەی کۆمەڵگاکانی تر لە کۆمەڵگای کوردیشدا، کە کۆمەڵگایەکی داخراوە، کۆمەڵێك بابەت و وشە و کردار باسکردن و ناوهێنانیان قەدەغەن یان داپۆشراون بە دەربڕینی تر، بەکارهێنان و باسکردنی ئەو بابەت و وشانە لەلایەن تاکەوە دەبێتە هۆی هەڵچوون و توڕەیی بەرامبەر و بەکەم سەیرکردن و بە بێ شەرم لە قەڵەمدانی لێدەکەوێتەوە، تاك بۆ پاراستنی کەسایەتی خۆی لە کۆمەڵگا بەپێی توانا هەوڵدەدات ڕووبەڕووی توڕەیی کۆمەڵگا نەبێتەوە (شیلان عوسمان عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٨: ٥٦). ئەمەش بەهۆی کاریگەری یاسا ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانەوەیە بەتایبەتی ئەوانەی دەچنە ناو بوارەکانی(سێکس، پیسی، ترس، شەرم، مردن و کوفر...هتد)هوە، بۆیە قسەکەری کورد ئەگەر لە کاتی ناچاریدا ئەو دەربڕینانەی بەکاربهێنا، کە تابوون، ئەوە چەندین دەربڕینی وەکو:(دوور لە ڕووتان، دوور لە قەدرتان، عەیب نەبێت، بیلا مەعنا، پەرژینێکی قایم بێت لە ڕووتا، حاشاحازی، شەرع شەرمی نییە، ئێوەش وەك (برا/خوشك)من ..هتد) لەگەڵدا بەکاردەهێنێت، ئەمەش پەیوەستە بە پەیوەندیی نێوان ئەو کەسانەی کە تابوو بەرامبەر یەکتر بەکاردەهێنن، بەکارهێنانیان بە پێی ڕەگەز و تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی...هتد دەگۆڕێت، بۆنموونە (١٢٪) قوتابیان تابوو بەکاردەهێنن. وەکو تابۆ سێکسییەکان:(ناوهێنانی ئەندامە سێکسیەکانی لەش، دەستبازی...هتد)، کە لە ئێستادا بەکارهێنانی بە شێوەی جنێوو و بێڕێزیکردن بەشێوەیەکی بەربڵاو لەلایەن گەنجانەوە بەبێ بایەخدان بە کات و شوێن و پەیوەندی ئەندامانی گفتوگۆ و بەبێ بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوانەی پەردەبەسەر لایەنی تابۆکاندا دەهێنێت بەکاردەهێنرێت، بەشێوەیەك کە خەریکە زاڵدەبێت بەسەر یاسا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردیدا، لە زۆر شوێنیشدا توندوتیژی لێدەکەوێتەوە و کاریگەری لە سەر کەسایەتی تاکەکانیش دەکات بە (دەم پیس، بێ ئەدەب، بێ شەرم/حەیا، بێڕێز...هتد) ناودەبرێن، جۆرێکی تر لە تابووەکان لەناو کۆمەڵگای کوردیدا کفرکردنە، بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری بەزۆری سەر بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامن، بۆیە قسەگوتن بە خوا و پێغەمبەران و ڕەمزەکانی ئایین، بەهۆی پیرۆزییان هۆکارێکی تری توندوتیژین، ، بۆیە لە کۆمەڵگادا بە (کافر، بێ دین، لە خوانە ترس...هتد) ناودەبرێن، لە هەندێك باریشدا بەناچاری ناودەبرێت و دەربڕاوەی (ناوی خوام بۆ گوڵێك بردبێت) لەگەڵدا بەکاردەهێنرێت، هەروەها ئەوانەی بەلای

کۆمەڵەوە پیسن، وەکو: (ئاودەستخانە، پیسی...هتد) وتنیان بەبێ دەربڕاوی داپۆشەری (دوور لە ڕووتان) ناپەسەندە، هەروەها لە کۆمەڵگای کوردەواریدا مردوو ڕێزی لێدەنرێت و بەڕێزەوە ناودەبرێت تەنانەت وشەی مردن خۆشی تابووە و دەبێت وشە داپۆشراوەکانی تری وەکو:(کۆچی دوای کرد، گەڕایەوە بۆ لای خوا، ئەمری خوای بەجێهێنا...هتد) لە جیاتی بەکاربهێنرێت، بەڵام لەئێستادا وشەی مردن وەکو خۆی بە زۆری بەکاردەهێنرێت و تەنانەت بۆ کەسانێك کە حەزیان لێیان نەبووە، دەربڕاوەکانی وەکو( تۆپی/ تۆپاندییان، لەناویان برد، کوشتیان، مرد...هتد) بەکاردەهێنرێت.

بەزۆری لە ئێستادا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکارهێنانی تابووەکان لە زیادبووندایە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە چاودێریان لەسەر نییە و تاکە بەکارهێنەرەکانیش یان لە ژێر ناوی تردا یان بەهۆی ئەوەی کە دوورن لە لێپرسینەوەی کۆمەڵایەتی بەکاریدەهێنن.

## ٥- جنێو:

جنێودان بە دیاریدەیەکی ناشرین و ناپەسەندی ناو کۆمەڵدا دادەنرێت و جۆرێکە لەو دەربڕاوانەی، کە توندوتیژی زارەکیان لێدەکەوێتەوە، هەرچەندە زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵ لە کات و شوێنی خۆیدا لە کاتی کێشە و شەڕدا بەکاریدەهێنن، بەڵام لەبەرئەوەی بێڕێزی و سوکایەتی پێکردنی تێدایە، لە کەلتووری کوردیدا ئەو کەسەی کە جنێو دەدات بە چاوێکی سووك سەیردەکرێت و زاراوەی (جنێووفرۆش)ی بۆ بەکاردەهێنن، زیاتر جنێوەکانیش پەیوەندیان بە شەرەف و ڕەوشتەوە هەیە. ئەو کەسەی کە جنێو دەدات سەرەڕای ئەوەی کە بە جنێوو وەڵامدەدرێتەوە ڕەنگە بگات بە شەڕ و پیاهەڵگژان. جنێودان سەرەڕای ئەوەی بەکارهێنانی بەپێی یاسا کۆمەڵایەتییەکان ناپەسەندە و تاکی بەکارهێنەر ڕووبەڕووی سزای کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، بەهەمان شێوە بەپێی یاساکانی وڵات بەکارهێنانی قەدەغەیە و تاکی بەکارهێنەر ڕووبەڕووی سزا دەکاتەوە چی بە بەندکردن بێت یان پێبژاردنی ماددی، بە پێی ئەو زانیاری و داتایانەی، کە لەڕێگەی کاری مەیدانییەوە بەدەستهێنراون (٥٧%) قوتابیان لە بارودۆخی تایبەتدا جنێوو بەکاردەهێنن، کە زیاتر خوویان بە بەکارهێنانییەوە گرتووە، کەمتر بە مەبەستی شەڕوئاژاوە و بەسەردازاڵبوون بەکاریدەهێنن، بەزۆریش ئەم جنێووانە بەکاردەهێنن: (خوێری، بەرەڵا، بێ ئابڕوو، بەدڕەوشت ، بێ شەرم، بێحەیا، نامەرد ،گەواد ، قۆندەرە، سەرسەر، بێ تەربییەت، بێ ئەدەب، هیچ و پوچ، بێنرخ...هتد) یان (قسە بە دایکو خوشك وتن لە ڕێگەی ناوهێنانی ئەندامە سێکسیەکانەوە) یان چواندیان بە ئاژەڵ وەکو: (حەیوان، کوڕی سەگ/کەر، سەگ باب، دەێڵەسەگ...هتد).

## ٦- هەڕەشەکردن:

هەڕەشەکردن یەکێکی ترە لەو جۆرانەی، کە توندوتیژی زارەکییان لێدەکەوێتەوە، کە بەلای کۆمەڵەوە ناپەسەندە و تاکی بەکارهێنەر ڕووبەڕووی سزای کۆمەڵایەتی دەکاتەوە و یەکێکیشە لە هۆکارەکانی توندوتیژی کۆمەڵایەتی، بە زۆری هەموو جۆرەکانی توندوتیژی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی یەکەمدا بە هەڕەشەکردن دەستپێدەکات و کە بە زمان دەردەبڕێت، سەرەڕای ئەمەش جۆرێکە لە کێشە یاساییەکانی دادگاکان پەیوەستە بە زمانی هەڕەشەکردنەوە و سزای بەندکردن و پێبژاردنی ماددی بۆ دیاریکراوە. (١٨%) قوتابیان هەڕەشەکردن بەکاردەهێنن و لەو ڕێژەیەش کچان هەمبەر بە کوڕان کەمتر هەڕەشەدەکەن، چونکە هەڕەشەکردن پێویستی بە جێبەجێکردن هەیە و بۆ جێبەجێکردنیش پێویستی بە هێز و توانی جەستەی دەبێت، بۆیە ئەو هەڕەشانەی، کە کوڕان بەکاریدەهێنن زیاتر توندوتیژی پێوە دیارە. لەکاتی هەڕەشەکردنیش زیاتر ئەم دەبڕاوانە بەکاردەهێنرێت:

| | | |
|---|---|---|
| -خۆت ڕاگرە بۆ دەرەوە. | -ئەم کارەت بەسەرەوە ناچێت. | -بە (دایك/باوك/مامۆستا) دەڵێم. |
| -دەبێت بتکوژم. | -دەمت دەشکێنم. | -دەمت پڕدەکەم لە خوێن. |
| -دەبێت پارچە پارچەت بکەم. | -ئەبێت تۆڵەت لێبکەمەوە. | -لێت ئەدەم. |
| -قژبەسەتەوە نایەڵم. | -با بۆت بمێنم. | -بەسەرتەوە ناچێت. |
| -تەمێت ئەکەم. | -سەروچاوت خواتەوە. | -عاجزت ئەکەم. |

## ٤- ڕێزنەگرتن:

ڕێزنەگرتن لە کاتی گفتوگۆکاندا لە کۆمەڵگای کوردی بەکارێکی ناپەسەن دادەنرێت، چونکە ڕێزگرتن یەکێکە لە بەها سەرەکییەکان هەموو کۆمەڵگەیەك، ئەوەی لێرەدا باس دەکرێت و گرنگی پێدەدرێ، ڕێزگرتنی زمانییە، ڕێزگرتنی زمانی هۆکارێکی گرنگە بۆ پتەوکردنی پێوەندییەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر و سەرکەوتن لە گفتوگۆکاندا، ئەمەش پەیوەستە بە پەیوەندی نزیکی و دووری خزمایەتی و پلەی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانەوە، بە گشتی لە هەموو کەلتوورەکاندا خەڵکی حەزیان بە ڕەفتاری جوان و زمانی بە ڕێزانەیە، بەواتا ڕێزگرتن ڕەفتارێکی زمانیی خۆویستانەیە و یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمان، بۆ درێژەپێدانی پێوەندییەکان پێویستە، ئەمەش لە ڕێگەی جوانڕەفتاری و نەرمونیانی و شێوازی دەربڕینی گونجاو لەلایەن قسەکەرەوە بە مەبەستی ڕزگاربوون لە بارگرژی و ململانێ لە پێوەندییە کەسییەکاندا (ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید مەعروف ، ٢٠١٢: ١٤)، بۆیە ئەو کەسانەی کە بەڕێزەوە قسە دەکەن چەند دەربڕاوێکی وەکو:( حەزدەکەی قسەی لەگەڵدا بکەیت، زمان شرینە، قسەی ڕێزی لێدەبارێت، زمانی پاکە، (قسە/ زمان)زانە، بەگفت و لفتە، قسە خۆش...هتد) یان بۆ بەکاردەهێنرێت، بە پێچەوانەشەوە بەڕێزانە قسەنەکردن لە گفتوگۆکاندا، بەکارێکی ناپەسەند دادەنرێت و تاکەکان تووشی سزای کۆمەڵایەتی و جەستەیی دەکاتەوە و چەند دەربڕاوێکی وەکو: (زمان شڕە، بێڕیزە، (دەم/زمان) پیسە، قسەڕەق، کەڵکی ئاوەدانی نییە، بێچاوڕوو، بێ ئسلوب، بەکاری ئەوە نایات دەم بخەیتەدەمی، مەیدوێنە نازانێ قسەبکات،بێشەرم...هتد) بۆ بەکاردەهێنرێت.

لە کەلتوری کوردیدا بەکارهێنانی وشەکانی تایبەت بە خزمایەتی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و نازناو و کارو پێشە و کەرەستەکانی بانگکردن و دەربڕاوە فەرمییەکان، نیشانەن بۆ گرنگیدانی ئەم کەلتوورە بۆ بەڕێزانەقسەکردن، بۆنموونە: (کاکە، مامە، خاڵۆ، خاتوون، خوشکێ، دادە، کاك شێخ، حاجی مەلا، مامۆستا، دکتۆر، بەڕێز، جەنابی ...هتد ). بە کاریگەری ئایین و دابونەریتی کۆمەڵگا لە گفتوگۆکاندا چی بە زمانی قسەکردن یان دەربڕاوە نازمانییەکان بێت، ڕێز بەرامبەر یەکتر دەنوێنرێت، هەروەها بەکارهێنانی چەندین دەربڕاو، کە ڕێز دەنوێنێت بەرامبەر ئەو کەسانەی کە بەشداران لە گفتوگۆکان وەکو: ((بەیارمەتیت، ببوورە، بمبەخشە، داوالێبووردن دەکەم، لە کاتم گرتی، سوپاست دەکەم. عەزیەتت کێشا، بێ زەحمەت، ئاساییە، بە ئەرك نەبێت، ڕێگەم دەدەیت، زەحمەت نەبێت...هتد)، وەکو ئەم دەربڕاوانەی خوارەوە، کە ڕێز بۆ بەرامبەر دانراوە:

- ئاساییە، لێرە دانیشم. — ببوورە کاریشت هەیە، دەتوانیت ئەم ناونیشانەم پێبڵێی.

-بە ئەرك نەبێت، دەتوانم پەرتووکەکەت ببینم. — بمبەخشە لە کاتتم گرت.

- تکایە سەیارە لێرە ڕامەگرن. -خۆشحاڵدەبێن بە ئامادەبوونتان. -- فەرموو نانەکەت بخۆ.

### بە پێچەوانەشەوە ئەم دەربڕاوانەی خوارەوە بەکارهێنانیان بێڕێزی تێدایە:

-دەرگاکە دابخە؟ -خۆت لادە. -لێرە مەوەستە.

-ڕێگاکە مەگرە. -لێرە دامەنیشە. -ئەو مامەڵەیەم بۆ تەواو بکە.

ئەمەش بە واتای ئەوەی دیاریدەی ڕێزنەگرتن لە کەلتوری کوردی ناپەسەند و تاکەکان ڕووبەڕووی سزای کۆمەڵایەتی دەکاتەوە و لە هێڵی پاراستن و پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لایدەبات، بۆیە پێویستە خێزان وەکو یەکەمین ناوەندی پەروەردەکردنی منداڵ، کەلتوور و بەها کۆمەڵایەتییەکان و ئەو دەربڕاوانەی لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێن و بە باشی و وریاییەوە فێری منداڵان بکەن، ئەمەش بۆ پاراستنی هەم نەوەکانە لە سزا کۆمەڵایەتییەکان و هەمیش پاراستنی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی کە دەیان ساڵ ئەزمونکراوە و ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێکی دیاریکراوی لەسەر هەیە. ڕێزگرتنی زمانیش یەکێك لە پێویستییەکانی مرۆڤ وەکو جۆرەکانی تری ڕێزگرتن، کە لە ئاخاوتندا پەیوەستە بە کات و شوێن و دوور و نزیکی پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر. بەپێی داتاکان (١٥%) قوتابیان لە گفتوگۆکاندا بێڕێزی بەرامبەر بەرامبەرەکانیان بەکاردەهێن، بۆیە پێویستە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لە فێرکردنی ڕێزگرتنی زمانی بە قوتابیان، زیاتر بێڕێزیە زمانییەکانی قوتابیان لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت:

١- بەکارنەهێنانی ئەو دەربڕاوانەی، کە لە کاتی داواکردندا ڕێزگرتن دەنوێنن، وەکو(بەیارمەتیت، ببورە، بمبەخشە، بێ زەحمەت، ئاساییە، بە ئەرك نەبێت، ڕێگەم دەدەیت، زەحمەت نەبێت...هتد.

٢- بەکارنەهێنانی نازناوە کۆمەڵایەتی و ئایینی و پیشەییەکان و ئەوانەی خزمایەتی دەنوێنن...هتد، دەنوێنن، وەکو (خاتوون، کاکە، خوشکە، شێخ، مەلا، فەقێ، دکتۆر، مامۆستا، وەستا، جەنابتان، بەڕێزتان، پورێ، مامە، خاڵە...هتد.

٣- کورتکردنەوەی ناوەکان بەمەبەستی ڕێزوخۆشەویستی بێت یان شکاندنەوە و کەمکردنەوەی نرخ، وەکو ( حەمە، ئارە، نازە، عەبە، خالە...هتد.

٤- ناوناتۆرە، وەکو ( حەمە زل، شنە قژبژ، ئازە درێژ، کەژە سوور ...هتد.




هێڵکاری ژمارە (٥) ڕێژەی بەکارهێنانی جۆری ئەو دەربڕاوە زمانییانەی توندوتیژیان لێدەکەوێتەوە

## ٧- سەرچاوەکانی وەرگرتن و فێربوونی دەربڕاوەکان:

بەشێوەیەکی گشتی قوتابیان لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە فێری ئەو دەربڕاوانە دەبن، کە توندوتیژی کۆمەڵایەتییان لێدەکەوێتەوە، هەریەکەیان بە بڕی جیاواز کاریگەریان لەسەر قوتابیان هەیە (بڕوانە هێڵکاری ژمارە-٧)، لێرەدا جۆری سەرچاوەکان و ڕێژە و کاریگەریان دەخرێتەڕوو

### ١- کۆمەڵگا:

ئەو پەیوەندییەی لە نێوان زمان و کۆمەڵدا هەیە، لە لایەکەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە زمان دەستنیشانی ئەو ڕێگەیە دەکات، کە قسەکەری زمانەکە چ جۆرە وێناکردنێک بەرامبەر بە جیهانی دەوروبەری دروست دەکات، لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی بەو یاسا و ڕێسایانەوە هەیە، کە کار لە بەڕێوەبردنی ئیش و کاری ڕۆژانەی کۆمەڵ دەکەن، کە ئەمەیان کەلتوورە، ئەو کۆمەڵەی کەلتووری باوی تێدا پەیڕەودەکرێت، ئەوە دەستنیشانکەری ئەوەیە کەچ جۆرە شێوازێکی قسەکردنی تێدا بەکاربهێنرێت، پلەی زیادکردن و کزبوون و نەمانی ئەم شێوازەی قسەکردنیش بەستراوەتەوە بە جۆر و چەشنی ئەو کەلتوورەی کە لە ئەقڵ و هۆشی ئەندامانی قسەکەرانی میللەتێکدا هەیە شاخەوان جەلال فەرەج، ٢٠١١: ٢٧-٢٨)، زمانی هەر میللەتێکیش بە تەنیا بگرین، ئاوێنە و دەربڕی عەقڵ و هۆش و تێڕوانینی ئەو میللەتە خۆیەتی بەرامبەر بە

سروشت و دەوروبەرو جیاوازە لە زمانی میللەتانی تر (د.فاروق عومەر سدیق، ٢٠١١: ٣٩ ). گواستنەوەی کەلتوور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لە رێگەی زمانەوە دەبێت، واتا زمان ئامرازی ئامادەکردنی نەوەی نوێیە بۆ وەرگرتنی رەوشتی کۆمەڵایەتی و منداڵ دەکاتە بوونەوەرێکی کامڵ و ئامادەکراو بۆ چوونە ناو کۆمەڵگا (بەهار زاير محمد، ٢٠٠٩ :١٣-١٤). بەهۆی ئەو سنوورەی کەلتووری کۆمەڵێکی دیاریکراو بۆ ئەندامەکانی دیاریکردووە، ناچاری جێبەجێکردنی یاسا و رێسا کۆمەڵایەتییەکانی کردوون، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی قسەپێکەرانی بەپێی رەگەز و تەمەن و پێگەی کۆمەڵایەتی و کاروپیشەی جیاواز...هتد، لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکان و دەوروبەری قسەکردن، هەریەکەیان تێروانینێکی جیاوازیان بۆ ژیان هەبێت و بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە یەکتر شێوازەکانی قسەکردنی یەکتری لەبەرچاوبگرن، چونکە گۆڕینی داب و نەریتەکانی رەفتار و ئاخاوتنەکان کارێکی دژوارە، بەڵام لە بەرامبەردا رێزگرتن لە بیروڕا و شێوازەکانی ئاخاوتنی یەکتری کارێکی ئاسانترە، پەیوەست بە کەلتووری کوردی دەڵێن (شاخەوان جەلال فەرەج ،٢٠١١: ٢٧-٢٨):

١.میللەتی کورد هاوشێوەی میللەتەکانی تر کۆمەڵێك رێسای خۆ نەریت و جێخۆشکردنی هەیە، کە لە بۆنە جیاوازەکاندا بە کاری دەهێنێت، بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی ئەم بۆنانە ئاینی، یان نەتەوەیی، یان خێزانی ...هتد بێت.

٢.ئەگەر بە شێوەیەکی ئاسۆیی بڕوانرێتە خۆنەریتەکان، دەبینرێت لەو بۆنانەدا دەربڕینی زمانی جیاواز بە جیاوازی بۆنەکان بەکاردەهێنرێت، ئەمەش مرۆڤی کورد پابەند دەکات جۆری دەربڕینەکانی بە پێی جۆری بۆنەکان هەمەڕەنگ بێت.

٣.ئەگەر بە شێوەیی ستونی بڕوانرێتە ئەم خۆنەریتانە، دەبینرێت رێساکانی بە گۆڕانی کات دەگۆڕێت، واتە بە پێی گۆڕانی بیروبۆچوونی سەردەمەکان و پێوەرە هاوچەرخەکان و شارستانیبوون ئەم رێسایانە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر مەرج نییە جێگیربێت.

بەڵام لە ئێستادا بەهۆی پێشکەوتنی شارستانیەت و گۆڕان و نزیکبوونەوەی کۆمەڵگەی مۆرڤایەتی بەهۆی ئامرازەکانی نزیکبوونەوەوە. گۆڕان بەسەر کەلتوور و بەها و یاسا کۆمەڵایەتییاندا هاتووە، کۆمەڵگەی کوردەواریش بێبەش نەبووە لەو گۆڕانکاریيانە، کە لە رێگە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و رۆشنبیری...هتد) کاریکردوەتە سەر کەلتووری کوردی و لەگەڵیشیدا بەها و یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زمانی گۆڕیوە، بۆیە بەکاریگەری ئەو گۆڕانە نەرێنانەی کۆمەڵگا کوردەواری گرتووەتەوە لە (٤٢%) قوتابیان پێانوایە کۆمەڵگا سەرچاوە وەرگرتن و فێربوون و مەیدانی بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوە زمانییانەیە، کە توندوتیژی کۆمەڵایەتییان لێدەکەوێتەوە.

## ٢- خێزان:

خێزان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە،چونکە ئەرکە جەوهەرییەکانی تاك و کۆمەڵ هەڵدەسورێنێت، بوونەوەرێکی مرۆیی دەگۆڕێت بە مرۆڤێکی خاوەن سروشتی کۆمەڵگاکەی، بەهۆی پەروەردەکردن و ئاڕاستەکردنەوە لەسەر بنەمای کارلێکی رەمزی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکان خۆیاندا، لەبەرئەوە لەگەڵیاندا تۆڕێکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی جێگیردەکرێت، کەجێگای بونیادی فرە سیستەم دەگرێتەوە، کە رۆڵەکانی بە ئاسانی جێبەجێی بکات نەك بە زەحمەت ئەوسا مرۆڤ بە گونجاوی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیە دەمێنێتەوە کە لێی دەژێت (د.مەعن خەلیل. و. ئارام ئەمین جەلال، ٢٠٠٧: ٥)، واتا ((رۆڵی خێزان کاریگەرەیکی بنچینەییە لە پەرەسەندن و گۆڕانکارییەکانی ژینگەی کەسایەتی منداڵ و گوێگرتنی لە هەندێك تێبینی و چۆنیەتی گفتوگۆ و وەرگرتنی هەندێ وشە و دەستەواژە و تێگەیشتن لە واتاکەی(رێزان عوسمان مستەفا، ٢٠١٣ :١٦٠). ئەو رۆڵە کۆمەڵایەتییەی دەخرێتە ئەستۆی تاك لەلایەن خێزانەکەیەوە بە کلیلی سەرەکی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی تری دادەنرێت لەناو کۆمەڵگا گەورەکەیدا، بە هۆی ئەوەی دەرگای هەموو دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی تری وەك پەروەردە و ئابووری سیاسی و کەلتووری لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا دەکرێتەوە، کە سەرەتا بە رووبدا داخرابوو، سەرکەوتن و تێکشکانی لە ژیاندا هەر لەسەر ئەوە دەوەستێت (د.مەعن خەلیل، و.ئارام ئەمین جەلال،٢٠٠٧: ٦). منداڵ لەسەرەتای زمان پڕانییەوە زمانی دایکی فێردەبێت، بۆیە دایکان بە یەکەم مامۆستای فێرکردنی زمان بە منداڵان و گوێزانەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دادەنرێن، بەڵام زمانێکمان فێردەکەن، کە تا ڕادەیەك سنوورە لە بەرچاوگیراوەکانی پیاوسالاری لە کۆمەڵدا جێگیردەکەن، لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا دایکان هەوڵدەدەن بە ورياییەوە پەروەردەی منداڵەکانیان بکەن و فێری یاساکانی کەلتووری کۆمەڵ و ئەو سنورانەیان بۆ دیاری بکەن، کە نابێت ببەزێنرێت، ئەمیش بە لاسایکردنەوەی خۆیان دەبێت، بۆیە ئەو خێزانانەی کە توندوتیژی تێدایە نەوە بۆ نەوە دەگوازرێتەوە و سەرچاوەی وەرگرتن و فێربوونی دەربڕاوە بەکارهاتووەکانن و لاسایکردنەوەی لە داهاتوودا، بەپێی ئەو داتایانەی کە لە رێگەی کاری مەیدانییەوە بەدەستهێنراون، نزیکەی (٢٠%) قوتابیان پێیانوایە لە خێزانەکانیانەوە فێری ئەو دەربڕاوە زمانییانە بوون، کە توندوتیژی کۆمەڵایەتی بەرهەمدەهێنن، کە بەمشێوانەی خوارەوە کاریگەری لەسەر منداڵەکان دروستدەکات:

١-منداڵ لە ڕێگەی لاسایکردنەوە و فێری شێوازی قسەکردنی خێزانەی دەبێت.

٢-وەرگرتن و دووبارەکردنەوەی ئەو دەربڕاوانەی کە لەلایەن دایکو و باوك یان ئەندامەکانی تری هەمان خێزانەوە بەکاردەهێنرێن.

٣-توندوتیژی خێزانی کاریگەری لەسەر زمانی دەربڕینی تاکانی هەمان خێزان هەیە، چونکە یەکەمین هەنگاوی توندوتیژی لە ڕێگەی دەربڕاوە زمانییە ناپەسەندەکانەوە دەبێت.

بۆیە خێزانیش کە بەیەکەمین قوتابخانەی فێرکردنی زمان و ڕەفتار بە منداڵان دادەنرێت، پێویستە ئاگادری ئەوەبن، کە منداڵاکان دووربن لە زمانی توندوتیژی و یاسا کۆمەڵایەتییە زمانییەکان بپارێزێن، بەمشێوەیە:

١-منداڵان بە یاسا و بەها کۆمەڵایەتییەکان فێربکەن، بە شێوەیەك دەربڕاوی گونجاو لە بۆنە و بواری کۆمەڵایەتی گونجاودا بەکاربهێنرێت و دوورکەوتنەوە لەو دەربڕاوانەی ناپەسەندن.

٢-منداڵان لە مەترسییەکانی شکاندن بەزاندنی کەلتوور و پێوەر و یاسا کۆمەڵایەتییەکانی ناوکۆمەڵگاکەی ئاگاداربکەنەوە.

٣-لە ڕێگەی لاسایکردنەوەی خۆیانەوە زمانێکی تۆکمە و بەڕێزانە و بەکارهێنانی دەربڕاوە گونجاوەکان لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکان فێری منداڵەکانیان بکەن.

٤-خۆپاراستن لە دەمەقاڵێ و مشتومڕی خێزانی لە پێش چاوی منداڵەکانیان، چونکە دەبێتە سەرچاوەی وەرگرتن و فێربوونی دەربڕاوەکان و لاسایکردنەوە لە هەمان بارودۆخدا لە داهاتوودا.

٥-بێدەنگ نەبوون لە کاتی بەکارهێنانیدا.

## ٣- ڕاگەیاندن :

ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانییەوە، دەسەڵاتێکی زۆری بەسەر ژیانی مرۆڤەوە هەیە، لە پێش هەمووشیانەوە بەسەر زمانەوە ، چونکە دەچێتە ناو هەموو ماڵێکەوە و بەئاسانی کار لە هزر و فەرهەنگی زمانی وەرگردەکات (چۆلی ئەسعەد جراد، ٢٠١٣: ٣٦). تەواوی پرۆسەی پەیوەندیکردیی جەماوەری بەهۆی زمانەوە بەڕێوە دەچێت، ئاشکرایە بێ بوونی زمان، زۆر ئەستەمە هۆیەکانی ڕاگەیاند هیچ ڕۆڵێکیان هەبێت، پەیوەندی نێوان زمان و ڕاگەیاندن پەیوەندییەکی ئۆرگانییە، زمان وەك خاکێکی بەپیت وایە بۆ ڕاڕاگەیاندن، ئەو بوارەیە، کە هەموو چالاکییەکانی خۆی تێدا بەڕێوەدەبات و بەهۆیەوە بیروڕاکان دەگوازێتەوە، زمانیش ناتوانێت دەست بەرداری هۆیەکانی ڕاگەیاندن ببێت، چونکە هەموویان ئامراز و کەرەستەی پەیوەندیکرنن لە نێوان تاك و کۆمەڵدا، یارمەتی زمان دەدەن بۆ گەشەکردن(چۆلی ئەسعەد جراد، ٢٠١٣: ٢١-٢٢). سەرەڕایی ئەو خزمەتە گەورەی ڕاگەیاندن بە زمانی دەکات، لە لایەکی تریشەوە هۆکارێکە بۆ شێواندنی زمان چ لە ڕووی دەنگ و وشە و ڕستەوە بێت یان هێنانە ناوەوەی چەندین دەربڕاو کە بە کەلتووری کوردی نامۆن و لە ڕێگەیەوە کەلێن لە یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زمان دەکەن و شیرازەی ئەو پەیوەندیانە دەخەنە مەترسییەوە، ئەو گەشە خێرایەی، کە کۆمەڵگەی کوردی گرتووە لە دوای ڕاپەڕینەوە، بووەتە هۆی کردنەوەی چەندین کەناڵی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو، کە سەرەڕای خزمەتکردنێکی گەورە بە زمان و کەلتوور و ئاین و سیاسەت...هتد، بەڵام بەهۆی نەبوونی چاودێری زۆری کەناڵەکان و نەبوونی کادری بواری ڕاگەیاندن، زۆرێك لە کەناڵەکان بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنی کەلتووری و ئایینی و کۆمەڵایەتی و باری سیاسی کوردستان، بوونە هۆکاری تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگەی کوردی و گەورەترین بەربەرەکانێ و پێکدادانی کەلتووری لە نێوان کەلتووری کوردی و کەلتوری وڵاتانی تر دروستکردووە، لە (%٢٧)ی قوتابیان پێیانوایە، کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن سەرچاوەی فێربوونی ئەو دەربڕاوە زمانییانەن توندوتیژی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش لە ڕێگە فلیم و پرۆگرام و لایەنەکانی تری هونەرییەوە، کە زۆرێك لە ڕەفتارە و دەربڕاوە زمانییەکان بە کەلتووری کۆمەڵگەی کوردی نامۆبوون، سەرچاوەیەکیش بوون بۆ توندوتیژی کۆمەڵایەتی، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر گەنجان جێهێلا و کەوتنە لاسایکردنەوەی، بەشێوەیەك کە جیاوازن لە کەسانی تری هەمان کۆمەڵگا. بۆیە پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لایەنە پەیوەندیدارەکان چاودێرییەکی وردی پرۆگرام و ئامانجەکانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بکەن و ڕێگە نەدەن بە کەلێن خستنە نێوان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردەوارییەوە، بۆ ئەوەی نەوەیەکی توندوتێژ و زمان پیس و جنێو فرۆش و بێڕێز پەروەردە نەبێت، کە دواتر لەڕێگەی لاسایکردنەوە و توندوتیژی کۆمەڵایەتی بەرهەم بهێنێن. بە پێچەوانەوە دەبێت کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵیان لە پاراستن و بونیاتانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا هەبێت و ئاگاداری لایەنەکانی کەلتوور و ئاین و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی و لایەنی دەروونی...هتد تاکدا بن. دەبێت وەزارەتی ڕۆشنبیری چاودێری کەناڵەکان بکەن و ڕێگە بە دەرچوون لە کەلتوور و یاسا کۆمەڵایەتییەکان نەدەن و کەناڵەکان خۆشیان زیاتر لە خەمی پاراستنی زمان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بن، بۆیە دەبێت ڕێگربن لە بڵاوکردنەوەی ئەو فلیم و بەرنامانەی، کە سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی ئەو دەربڕاوانەن،بەمشێوەیە:

١-پەخشنەکردنی ئەو فیلم کاتۆنانەی کە قسەی نەشیاو پەیوەست بە کەلتووری کوردییەوە بڵاودەکەنەوە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی لاسایکردنەوە کاریگەری لەسەر شێوازی قسەکردنی منداڵان هەیە، چونکە منداڵان ماوەیەکی زۆر حەز و ئارەزوویان لە سەیرکردنی هەیە و قسەی لێوە وەردەگرن.

٢-پەخشنەکردنی ئەو فلیمانەی کە بەرهەمهێنەری توندوتیژین لە ڕووی ڕەفتارەوە، چونکە زۆرێك لە دەربڕاوەکان ناپەسەندەکان ڕەنگدانەوەی ڕەفتاری ناپەسەندە.

٣-ڕێگەنەدان بە بڵاوکردنەوەی ئەو بەرنامانەی کە قسەی نەگونجاو بێڕێزیکردنی تێدا بڵاو دەکرێتەوە.

٤-کۆمیدیا بە ڕێگە فلیم بێت یان بەرنامە ڕێگەیەکی ئاسانە بۆ بڵاوکردنەوەی دەربڕاوی ناپەسەند و ڕەفتاری نەگونجاو، لە ئێستادا هەندێك لە بەرنامە کوردییەکان فلیمە دۆبلاژکراوەکان سەرچاوەی سەرەکی بڵاوکردنەوەی دەربڕاوی ناپەسەندن.

٥-تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی ئەوەی هەم بێ چاودێرین و هەمیش زۆرێك لە بەکارهێنەرانی لە ژێر ناوی خوازراودا بەکاریدەهێنن، بە شێوەیەکی بەربڵاو بوونەتە جێگەی دەربڕینی دەربڕاوە ناپەسەندەکان.

ڕاگەیاندن پەیوەست بە زمانەوە دوو ئاراستەی دژ بە یەکی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، لەلایەکەوە ڕۆڵێکی گەورە و گرنگی لە گەشەسەندن و پێشخستنی زماندا هەیە. بەوەی کە زمان دەپارێزێت و پاك و ڕەوانی دەکاتەوە لە وشە و دەربڕاوی هەڵە و ناپەسەن. هەروەها بەکارهێنانی یاسا و ڕێسا ڕێزمانییەکان و کۆمەڵایەتییەکان لە شوێنی خۆیاندا، لەلایەکی ترەوە ئەگەر بە شێوازی زانستی بەکارنەهێنرێت دەبێتە هۆی شێواندنی زمان و تێکدانی لە ڕووی بێبایەخکردنی وشە ڕەسەنەکانی زمانەکەوە و هێنانە ناوەوەی وشەی بیانی و لە جێدانانیان، هەروەها ئەو ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتیانەش تێکدەدات کە بۆ دەربڕاوە کۆمەڵایەتییەکان لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکان کراوە، بەپێی ئەو زانیاری و داتایانەی لە کاری مەیدانی وە ڕاپرسییەوە بەدەستهێنراون لە (٢٦%) قوتابیان پێیانوایە کە ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەی وەرگرتن و فێربوونی ئەو دەربڕاوە زمانییانەن، کە توندوتیژی کۆمەلایەتی لێدەکەوێتەوە، ئەگەر بە شێوە نەرێنییەکەی بەکاربهێنرێت هەموو ئەوانە هەڵدەوەشێنێتەوە و ئەنجامەکان پێچەوانە دەکاتەوە، چونکە ڕاگەیاندن بە خێرای توانای ئەوەی هەیە کە خۆی بخزێنێتە ناو هەموو خێزانەکان و کۆمەڵگا و کاریگەریەکی خێرای لەسەر تاکەکان دروست بکات، لە ئێستادا قوتابیان تەنانەت خوێندکارانی زانکۆش لە ژێر کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی ڕاگەیاندان و بەرەو ئامانجێکی نادیار ئاراستەیان دەکات، هەم لە ڕووی ڕەفتار و هەمیش لە ڕووی زمانی قسەکردنەوە، کە ڕەنگە لە ساڵانی داهاتوودا ئەنجامە خراپەکانی دەربکەوێت.

بۆیە پێویست حکومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیری :

١-چاودێرییەکی زانستی و هونەری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بکەن و ڕێگە نەدەن ئەو فلیم و بەرنامانە پێشکەش بکەن، کە بە کەلتووری کوردی نامۆن و کاریگەریان لەسەر پەیوەندییە کۆنەڵایەتییەکان دەبێت.

٢-ڕێگە بە بەکارهێنانی دەربڕاوی ناپەسەند نەدرێت و سزا بۆ بەکارهێنەرانی دیاری بکرێت.

٣-هەموو ئەو پەیج و ئەکاونتانە دابخرێن، کە قسەی نەشیاو و بێڕێزیکردنی تێدا بڵاودەکرێتەوە.

٤-بایەخی زیاتر بەو بەرنامانە بدرێت، کە کەلتوور و بەها و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەپارێزن.

٥-خستنەڕووی سزاو زیانەکانی توندوتیژی زمانی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و یاساییەوە. ئەمەش لە ڕێگەی بەرنامەی تایبەت بەم بوارە و میوانداریکردنی پسپۆڕانی ئەم بوارە.




هێلکاری ژمارە (٦) پەیوەندی نێوان زمان و ڕاگەیاندن

## ٤- قوتابخانە:

قوتابخانە دەزگایەکە کە فێرخواز لێیەوە فێری زانست و زانیاری و پەروەردەی کۆمەڵایەتی دەبێت و لە هەموو ڕوویەکەوە گەشەدەکات، ئەمەش بە پشت بەستن و هاوکاری خێزان و کۆمەڵگا و دەزگا پەیوەندارەکانی تر. لە قوتابخانەکاندا بەهۆی ئەوەی قوتابیان لە چەندین خێزان و چینی جیاواز و شێوازی قسەکردنی...هتد جیاوازەوە هاتوون، هەروەها بەسەر چەند تەمەنێکی جیاواز و ڕەفتاری جیاوازدا دابەشبوون، کاریگەری ئەرێنی و نەرێنیان لەسەر یەکتر هەیە و لەلایەکی ترەوە فێری دەربڕاو ڕەفتاری جیاواز دەبن. واتا قوتابخانە شوێنی کۆکردنەوەی هەندێك لە تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو، کە شێوازی قسەکردنییان جیاواز لە شێوازی قسەکردنی گروپەکانی تری ناو کۆمەڵگا لە پەیوەندییەکی کارلێك لەگەڵ یەکتر دەبن و بەمەش زمانی خوێندنی ناو قوتابخانەکان لە پەیوەندیەکی ئاڵۆزدا دەبن، سەرئەنجام بە پێی ئامانجی دیاریکراوی پرۆگرامەکانی خوێندن کۆدەکان تێکەڵدەکرێن و سەرلەنوێ دارشتنەوەی کۆدە تایبەتەکان و کردنیان بەو کۆدی گشتی، هەروەها لابردنی ئەوە کۆدە کۆمەڵەیەتیانەش، کە بەکارهێنانیان گشتی نین و دەربڕینیان لە بۆنە و بوارەکۆمەڵایەتییەکان ناپەسەندن یان بەهای کۆمەڵایەتیان نییە (ئاڤێستا کەمال مەحموود، ٢٠١٣: ٢٣). بۆیە پێویستە ستافی قوتابخانە بەپێی پلانێك هەوڵی کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی نێوان قوتابیان نەدەن، بەڵام لە هەندێ لە قوتابخانەکان وەکو پێویست گرنگی بە پەروەردەی قوتابیەکان نادەن و لەو ڕووەوە هیچ نەخشە و پلانێکی تۆکمە و زانستی و پەروەردەییان نییە، بۆ ئاڕاستەکردنی قوتابیان و دوورخستنەوەیان لە ئاکارەنەرێنییەکان و خەسڵەتەشەڕەنگێزەکان(محمد ساڵح پێندرۆیی، ٢٠١٢: ٧٩). هەربۆیە١١) قوتابیان پێیانوایە ئەو دەربڕاوانەی، کە توندوتیژیان لێدەکەوێتەوە لە هاوپۆل و هاورێ و قوتابیانی تری قوتابخانەوە فێربوون و بەرامبەریان بەکاریان هێناوە، بەمەبەستی کەمکردنەوەی کاریگەرییەکان پێویستە قوتابخانە ڕەچاوی ئەمانەی خوارەوە بکات:

١- جیاکردنەوەی تەمەنە جیاوازەکانی قوتابیان، بەشێوەیەك دابەشکرابن بەسەر سێ قۆناغدا، وەکو لە زۆرێك لە قوتابخانەکاندا پەیرەودەکرێت، بەمشێوەیە: قۆناغی (١-بۆ٦) و قۆناغی (٧بۆ٩) و قۆناغی (١٠بۆ١٢)، هێشتا لە هەندێك لە قوتابخانەکان لە پۆلەکانی (١ بۆ ٩) بنەڕەتی پێکەوە لە یەککاتدا دەخوێنن، ئەمەش کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر شێوازی قسەکردنی قوتابیانی (١بۆ٦)، چونکە خاوەنی دوو ڕەفتاری و دوو قۆناغی تەمەنی جیاوازن و منداڵەکان لە هەرزەکارەکانەوە وشە و دەربڕاوی ناپەسەند وەردەگرن.

٢- پێوستە مامۆستایان و کارمەندانی تری قوتابخانە ڕێگری بکەن لە هەموو ئەو کارتێکەرە ناپەسەندانەی لە سەرچاوەکانی ترەوە کاردەکەنەسەر قوتابخانە، هەروەها ژینگەیەکی لەبار بۆ باشترکردنی ڕەفتار و شێوازی قسەکردنی گونجاو بۆ قوتابیان بڕەخسێنن.




هێلکاری ژمارە (٧) سەرچاوەکانی ئەو دەربڕاوە زمانییانەی توندوتیژی لێدەکەوێتەوە.

## تەوەری سێیەم

## (ڕۆڵی پەروەردە و فێرکردن لە کەمکردنەوەی ئەو دەربڕاوە زمانییانەی توندوتیژییان لێدەکەوێتەوە)

پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن وەکو کایەیەکی سەرەکی لەناو هەر کۆمەڵگایەکدا بێت، شێوازی تایبەتی دەربڕینی خۆی هەیە و دەبێت خاوەنی چەند تایبەتێکی وەها بێت، کە شیاوی ئەرکی پەروەردەیی بێت، بۆیە دەبێت زمانی پەروەردەیی هۆکار و پاڵنەری سەرەکی بێت بۆ گەشەکردنی زمانی منداڵ لە هەموو ڕوویەکەوە، چونکە ئەم بوارە زۆر هەستیارە و پەیوەستە بە سەرجەم لایەنەکانی تری ژیانی مرۆڤەوە و کاریگەری گەورە بە جێدەهێڵێت(شێروان حوسێن حەمەد، ٢٠١٣: ٣١٦)، بۆیە ئەگەر ((جڤاتە ئاخاوتنییەکان بە چ زمانێك پەروەردەبکرێن و بخوێن هەر ئەو زمانەش دەبەنەوە ناو کۆمەڵە فراوانەکانی تر بەمەش جۆراوجۆری زمانی لە خوێندکارەکانەوە دادەبەزێتە سەر خێزان و کۆمەڵگا(ئاڤێستا کەمال مەحموود، ٢٠١٣: ٢٣)، بۆیە گەلان لە چوارچێوەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا گرنگیەکی ڕەها بە زمان دەدەن لە پرۆسەی فێرکردن و لە دارشتنی بەرنامەی خوێندنیش بە تایبەتی و هەوڵدانێکی بێ وچان دەدەن بە زمانی دایك، چونکە زمان ئامرازی کارلێککردن و پەیوەندیکردنی نێوان تاکەکانە، جگە لەوەی پارێزەری کەلتوور و کەلەپور و شارەزایی گەلە(ڕێزان عوسمان مستەفا،٢٠١٣: ١٤٦)، لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی هەرێمی کوردستاندا کەمتر بایەخ بەم لایەنەی زمانی کۆمەڵایەتی دراوە نەیتوانیوە ڕووبەڕووی کاریگەرییەکانی تری وەکو( خێزان و کۆمەڵگا و ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ) ببێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت لەم ڕێگانەی خوارەوە، کار لەسەر کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوە زمانییانە بدرێت:

### ١- پرۆگرامەکانی خوێندن:

پرۆگرام ئاوێنەیە بۆ پیشاندانی فەلسەفە و سیستەمی پەروەردەیی و گۆڕین و وەرگێڕانی فەلسەفەی کۆمەڵگا و پێداویستییەکانی بۆ نێو سیستەمی پەروەردەیی، تاوەکو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لەسەر بنەمای ئەو فەلسەفەیە پەروەردە بکات کە ئامانجێتی، سیستەمی پەروەردەیی سەرکەوتوو ئەرکی پارێزگاریکردنە لە کەلتوور و ڕۆشنبیر نەتەوەیی لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی و مەعریفی سەردەمدا(کەریم ئەحمەد عەزیز، ٢٠١٢: ١٦-١٧)، پرۆگرامی خوێندن کۆمەڵێك زانیاری پەروەردەین، ئامادەباشی بۆ قوتابی لە ناوەوە و دەرەوەیدا دەکات، بە مەبەستی یارمەتیدانیان لەسەر گەشەکردنی گشتگیر و تەواو لە هەموو لایەنێکی هۆشی و کەلتووری و ئایینی و کۆمەڵایەتی و جەستەیی و دەروونی و هونەری...هتد، گەشەکردن بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەفتار و کارلێککردنی لەگەڵ دەوروبەر و کۆمەڵگا و چارەسەر بۆ کێشەکان، کە ڕووبەڕویان دەبێتەوە، ئەنجامدەدات (هەوار عومەر فەقێ ئەمین، ٢٠١٥: ١٤٥)، چونکە کۆمەڵگە سەرچاوەی سەرەکی ئامانجە پەروەردەییەکانە، ئایین و کەلتوور و تایبەتمەندی هەر کۆمەڵگایەك دەبێتە خاڵێکی جیاکاری نێوان کۆمەڵگەکان، فەلسەفەی پەروەردەش لەبەر ڕۆشنایی سروشتی

کۆمەڵگا دادەنرێن و دەبێت ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە بێت، بەشێوەیەك فێرخواز لە پرۆسەی پەروەردە زانیاری و کارامەییەك بەدەست بهێنێت، کە بەشداری بکات لە خزمەتکردن و گەشەپێدانی کۆمەڵگاکەی، بۆیە دەبێت ئامانجی پەروەردەی کوردستان ڕەنگدانەوەی کەلتوور و ئایین و پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردەواری بێت (ئیدریس سیوەیلی، ٢٠١٤: ٤٨). پرۆگرام بەبێ دیاریکردنی ئامانج هیچ رۆڵێکی نابیت، چونکە مەبەستی سەرەکی لە دانانی پرۆگرام و بەرنامەکانی خوێندن و هێنانەدی کۆمەڵێك ئامانج لەوانە خوێندکارێکی نیشتمان پەروەربێت و ڕێزی هاوڵاتیان و مرۆڤایەتی بگرێت، بڕوای بە یەکسانی و دادپەروەری و ئازادی و مافی مرۆڤ هەبێت، لە لایەنی هەڵچوون و کۆمەڵایەتی و ئاکاری و جەستەیی و عەقڵییەوە گەشەی کردبێت و شارەزای کۆمەڵ و مێژوو جوگرافیای وڵاتەکەی بێت کەریم شەریف قەرەچەتانی، ٢٠٠٨: ٣٤). سەرکەوتووترین بەرنامە و پرۆگرام ئەوانەیە، کە لە ڕێگەی زمانێکی پاراو و دەوڵەمەندەوە و بە ناوەرۆکێکی گونجاو لەگەڵ باری دەروونی جەماوەردا، پێشکەش دەکرێت بە مەبەستی بوونیادنانی کەسێتی بینەران و بیسەران و خوێنەران. کەریم شەریف قەرەچەتانی، ٢٠١٥: ١٣٠)، لەبەرگرنگی و رۆڵی پرۆگرامەکان لە پێشخستنی پەروەردە و کاریگەرریە گەورەکەی لە (٥٥%)ی مامۆستایان پسپۆڕانی تری هەڵسوڕێنەری پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن پێیانوایە باشترە لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە هەوڵی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوانە بدرێت، بەمشێوەیە:

١-دانانی پرۆگرامێکی تایبەت بە فێرکردن و گەشەپێدانی کەلتوور و یاسا و بەها کۆمەڵایەتییەکان.

٢-دانانی بابەتێکی تایبەت بە ئاشناکردنی قوتابیان بە مەترسییە یاساییەکانی بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوانە، چونکە بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوانە سزایی یاسای بۆ دانراوە، ئەویش بە بەندکردن یان پێبژاردنی ماددی.

٢-بایەخدان بە ئامانجە پەروەردەییەکان شانبەشانی پێدانی زانست و زانیاری.

٣-بایەخدان بە زمانی دایك، چونکە هەڵگری کەلتوور و بەها و یاسا کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵگایە.

٤-لە ڕێگەی وشە و ڕستە و هۆنراوە و چیرۆك و بابەتەکانی خوێندنەوەوە قوتابیان فێری زمانی باڵا بکرێن و دووربخرێنەوە لە زمانی زبر و بەکارهێنانی ئەو دەربڕاونەی توندوتیژی زارەکی بەرهەم دەهێنن.

## ڕۆڵی مامۆستا:

مامۆستا پێشەنگ و هەڵسوڕێنەری پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە، گەیەنەری ئامانج و فەلسەفەی سیستەمی پەروەردەیە بە فێرخوازان، بۆیە سەرەڕای توانای زانست وزانیاری و شارەزابوون لەلایەنی شارستانییەتی سەردەم، کەسێکی ڕۆشنبیر و لایەنی دەروونی گونجاو هەبێت، هەروەها پێویستە خاوەنی کەسایەتی کاریگەربێت تاوەکو بتوانێت کەلتوور و ئاین و بەهاکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو بۆ فێرخوازان بگوازێتەوە جا لە دووتوێی پرۆگرمەکانی خوێندنەوە بێت یان بە پێی ئەزموون و زانیاریی خودی، بۆ ئەوەی نەوەیەکی سودبەخش بە کۆمەڵگا بەرهەم بهێنت. بۆیە مامۆستا فاکتەرێکی سەرەکیە لە پرۆسەی پێکهێنان و چەسپاندنی بەها دروستەکان، ئەمەش لە ڕێگەی کارتێکردنی خوێندکارانەوە بە وتە و کردار، هەروەها هەڵسوکەوتەکانی کاریگەری دەبێت لەسەر خوێندکاران کە لێوەی فێردەبن بە ڕێگەی هەستی و نەستی، ئەمەش پێویست دەکات، کە مامۆستا خۆی برازێنێتەوە بە ڕەوشتە بەرزەکان و سیفەتە جوان و بەها ئەرێنیەکان، لە بەرئەوەی خوێندکاران نموونەی باڵا لە مامۆستا دەبینن (سیروان عاسی حسین، ٢٠١٥ :٣٢-٣٣). گرنگترین بەرپرسیاریەتی مامۆستایش بۆ بە دەستهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان ئەوەیە کە لەچەند لایەنێکەوە هەوڵدەدات بۆ پاراستنی خوێندکاران لە لادان و تاوانکاری، کە لە ڕێگەی گەشەپێدانی ئایینی و ڕەوشتی و نیشتمانپەروەرییەکی دروستەوە، هەروەها بەهێزکردنی ویستیان و هاندانیان لەسەر کاری چاکە و دوورکەوتنەوە لە خراپەکان و گەشەپێدانی ئەو بەهایانەی کە کۆمەڵگا باوەڕی پێی هەیە، وەکو دەستپاکی و ڕاستگۆیی و ئازایەتی و ڕێزگرتنی یاسا و بەخشندەیی و ئینتیمابوون بۆ هاوکاری و بونیادنان(سیروان عاسی حسین، ٢٠١٥: ٣١). بەواتا ((ئەوەی لەسەر مامۆستا پێویستە هەڵهێنجانی بەهایە لە ناوەڕۆکی پەیڕەو و دیاریکردنیەتی وەکو ئامانجێکی پەروەردەیی و کارکردن بۆ بەدیهێنانی، نموونەی ئەو بەهایانەش کە دەگونجێت مامۆستا لە دەروونی فێرخوازدا گەشەی پێبدات: هاوکاری، دەستپاکی، لێبوردەیی، دادپەروەری، بەخشین، ڕێزگرتن، خۆشەویستی، باوەڕبەخوابوون، دڵسۆزی، هەستکردن بە بەرپرسیاری، خۆڕاگری، داهێنان، بابەتیبوون، کراوەیی، خۆشەویستی نیشتمان...هتد (ئیدریس سیوەیلی، ٢٠١٤: ٣٢-٣٣)، بە زۆری مامۆستایانیش پێیانوایە کە لەم ڕێگانی خوارەوەوە دەتوانرێت هەوڵی کەمکردنەوە ئەو دەربڕاوانە بدرێت:

١-ئامۆژگاریکردن.

٢-بێدەنگ نەبوون لە کاتی بەکارهینانی لە لایەن قوتابییەوە.

٣-بەکارنەهێنانی لەلایەن مامۆستا خۆیەوە.

٢- رابەری پەروەردەیی(توێژەری کۆمەڵایەتی):

توێژەری کۆمەڵایەتی کۆمەڵە ئەرکێکی پەروەردەیی و دەروونی پیشەی هەیە، لە ڕووی پەیوەندییەستن لەسەر بنەمای دڵنیای و هاندان لە نێوان قوتابیان خۆیان و خێزانەکانیان و بایەخدان بە هەست و سۆز و بیروبۆچوون و هەڵچوونی قوتابیان و زانینی هەڵوێستیان بەرامبەر کێشەکان، هەروەها هاوکاریکردن و پێدانی زانست و زانیاری لە ڕووی لایەنی دەروونی و کۆمەلایەتی و کەلتووری دروستکردنی کەسایەتی قوتابیان و چارەسەرکردنی کێشەوگرفتەکانیان، فێرکردنی هەموو ئەوانەی کە بەهان و بەلای کۆمەڵەوە پەسەندن دوورکەوتنەوە لەوانەی ناپەسەندن، بۆیە توێژەری کۆمەلایەتی بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵێکی گرنگی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا هەیە، بۆیە (٤٩%)ی مامۆستایان و هەڵسوڕێنەرانی قوتابخانەکان پێیانوایە توێژەری کۆمەڵایەتی لە توانایدایە بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوانەی، کە توندوتیژیان لێدەکەوێتەوە کەمبکانەوە، بەمشێوەیە:

١- ئاشناکردنی قوتابیان بە توندوتیژی زارەکی.
٢- لە ڕێگەی کۆڕ و کۆبوونەوەوە کەلتوور و سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا فێری قوتابیان بکەن.
٣- خستنەڕووی زیانە کۆمەڵایەتی و یاساییەکانی بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوە زمانییانەی توندوتیژی کۆمەڵایەتییان لێدەکەوێتەوە.
٤- هاوکاریکردنی ئەو قوتابیانەی، کە ڕووبەڕووی توندوتیژی زارەکی بوونەتەوە.
٥- دیاریکردنی ئەو سەرچاوانەی کە هۆکاری توندوتیژین و دوورخستنەوەی قوتابیان لێیان.

## ئەنجام

١. زمانی پەروەردەیی لەگەڵ گرنگیدان بە فێربوون و فێرکردنی قوتابی، لە ڕووی نووسین و خوێندنەوە و وەرگرتنی زانیاریشەوە قوتابی فێردەکات، لەلایەکی تر بایەخ بە گەشەپێدان و چاندنی بەها و ڕەفتار و بیر و کەلتوور ...دەدات
٢. پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر بایەخی بەو لایەنەی زمان داوە، کە کار لەسەر فێرکردنی ئاستەکانی وەکو دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی داوە و لایەنی کۆمەلایەتی زمانی فەرامۆشکردووە.
٣. پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن ڕۆڵێکی گرنگی لە فێرکردنی زمان و پاراستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گواستنەوەی کەلتوور و بەهاو و یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زمان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.
٤. بەکارهینانی ئەو دەربڕاوە زمانییانەی، کە یاسا کۆمەلایەتییەکانی زمان ببەزێنێت لە کۆمەڵگای کوردیدا بە کارێکی ناپەسەند دادەنرێت و بەکارهێنەرەکەی ڕووبەڕووی سزای کۆمەڵایەتی دەکاتەوە.
٥. زمانی پەروەردەیی ڕۆڵێکی گرنگی لە دروستکردنی تاك هەیە لە ڕووی ڕەفتار و زمانی قسەکردنییەوە.
٦. بەشێوەیەکی گشتی خوێندکاران بە زۆری خوویان بە بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوە زمانیانەوە گرتووە و کەمتر بەمەستی توندوتیژی کۆمەڵایەتی بەکاریدەهێنن.
٧. بە زۆری ئەم دەربڕاوە زمانییانە (جنێوو، بێڕێزیکردن، هەڕەشەکردن، تابۆ) بەکاردەهێنرێت.
٨. کۆمەڵگا بە پلەی یەکەم و ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە پلەی دووەم سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی ئەو دەربڕاوانەن.
٩. دەتوانرێت لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی خوێندن و ئامۆژگاریکردنی مامۆستایان و توێژەری کۆمەڵاییەتییەوە بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوانە کەمبکرێتەوە.
١٠. ئەو بوارانەی کە سەرچاوە وەرگرتن و فێربوونی ئەم دەربڕاوانەن (ڕاگەیاندن و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، خێزان، کۆمەڵگا، قوتابخانە ) دەستنیشانکراون.
١١. زمان پردی گواستنەوەی کەلتوور و بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، ئەمەش لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە بەرجەستە دەبێت.

## ڕاسپاردەکان

١- دانانی و زیادکردنی بابەتێك بۆ پرۆگرامی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان، کە کەلتوور و بەها و یاسا کۆمەڵایەتییەکان فێری قوتابیان بکات.

٢- کردنەوەی خولی بەردەوام لەلایەن پسپۆڕانی بوارەکەوە بۆ مامۆستایان و توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکان تایبەت بە کەمکردنەوەی ئەو ڕەفتار و دەربڕاوانەی، کە توندوتیژی کۆمەڵایەتی بەرهەمدەهێنن.

٣- ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لە بارەی ڕەفتار و زمانی قسەکردنی قوتابیان و چارەسەرکردنی کێشەکان بە پێی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان.

٤- چاودێریکردنی ڕاگەیاندنەکان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە، بەشێوەیەك ئامانجەکانیان دژی ئامانجەپەروەردەییەکان و بەزاندنی سنوری پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردەواری نەبێت.

٥- پێویستە لە قۆناغەکانی سەرەتای خوێندندا قوتابیان تەنها بە زمانی دایك بخوێنن، چونکە تێهەڵکێشە بە کەلتوور و بەها و یاسا کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵێکی گرنگی لە پەروەردەی کۆمەڵایەتی تاك و زمانی پەوروەردەیی تاکدا هەیە.

## سەرچاوەکان

### أ-بەزمانی کوردی:


١. ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید مەعروف، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سلێمانی ، ٢٠١٢.

٢. ئاڤێستا کەمال مەحموود، خوێندن بە زمانی کوردی لە خوێندنگاکاندا و کاریگەری لە دروستکردنی جۆراوجۆری زمانی و ناسنامەی نەتەوەیەتی، کۆنفرانسی ساڵانەی زمانی کوردی(پەروەردە-میدیا)٢٠١٢، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر ، ٢٠١٣.

٣. ئیدریس سیوەیلی،مامۆستای کارامە و وانەوتنەوەی سەرکەوتوو، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٤.

٤. د.بکر عوکەر عەلی و د.کاروان عومەر قادر و م.ئاڤێستا کەمال مەحمود، فێربوون و فێرکردن لە ڕوانگەی زانستی زمانی پەروەردییەوە، هەولێر، ٢٠١١.

٥. بەهار زایر محمد، زمان و یاس کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٩.

٦. بەهمەن تایر نەریمان، کاریگەری قورئان لەسەر زمانی کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣.

٧. تابان مەحمەد سەعید حەسەن، گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٨.

٨. د.عیماد عەبدولڕەحیم ئەلزغوم، بنەماسەرەکییەکانی سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، و.ئارام ئەمین شوانی،چاپخانی ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠١٥.

٩. چۆلی ئەسعەد جراد، رزمان لە ڕاگەیاندنی بینراو، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣.

١٠. شێروان حوسێن حەمەد، گەشەکردنی زمانی منداڵبە پێی قۆناغەکانی خوێندن، کۆنفرانسی ساڵانەی زمانی کوردی (پەروەوردە-میدیا)٢٠١٢، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر،٢٠١٣.

١١. سیروان عاسی حسین، ڕۆڵی خوێندنگا ئامادەییەکان لە جێگیرکردنی بەها کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٥.

١٢. ڕێزان عوسمان مستەفا، دەربڕین و وەرگرتن لە زمانی پەروەردەدا، کۆنفرانسی ساڵانەی زمانی کوردی (پەروەوردە-میدیا)٢٠١٢، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر،٢٠١٣.

١٣. زوبێر عەلی عارف، ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماجستێر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانیی، ٢٠١٢.

١٤. شاخەوان جەلال فەرەج، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١.

١٥. شیلان عوسمان عەبدولڕەحمان، کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغداد، ٢٠٠٨.

١٦. محمد سالح پێندرۆیی، ڕۆڵی خێزان و قوتابخانەی لە ڕیشەکێشکردنی توندوتیژی"چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٢.
١٧. د.محەمەدیی مەحوی، زمان و زانستی زمان، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.
١٨. کەریم ئەحمەد عەزیز، پرۆگرامی پەروەردەیی، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠١٢.
١٩. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای زمانی منداڵ، چپخانەی پیرەمێرد، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١٥.
٢٠. کەریم قەرەچەتانی ، سایکۆلۆژی پەروەردەیی، چاپخانەی پەیوەند، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٢١. فاروق عومەر سدیق(د)، لە دایکبوونی وشە، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١١.
٢٢. د.مەعن خەلیل، کۆمەڵناسیی خێزان، وەرگێڕانی ئارام ئەمین جەلال، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆك، ٢٠٠٧.
٢٣. هۆگر محموود فەرەج، پراگماتیك و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.
٢٤. هەوار عومەر فەقێ ئەمین، بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی،٢٠١٥.
٢٥. هادی مشعان ربیع و اسماعیل محمد الفوم، و.ئەرکان بیانی، ڕێبەری پەروەردەیی، چاپخانەی شڤان، ٢٠١٢.

ب-بە زمانی عەرەبی:

١.علی عبدالواحد وافی(د)، اللغة والمجتمع، مطبعة النهضة ، الطبعة الرابعة، مصر ، ١٩٨٣.
٢.نایف خرما، اضواء علی الدراسات اللغویة المعاصره، مطبعة عالم المعرفه، الکویت، ١٩٧٨.
٣.هادی نهر(د)، علم اللغة الاجتماعی، مطبعة دار الغصون، الطبعة الأول، لبنان، ١٩٨٨.